پەیامەکانی ڕێنوێن بۆ گەنجان (١١)

تصویر: ئوسامە زەندی

سەلاحەددینی ئەیوبی

وبەرگری لە جیهانی ئیسلامی

نووسینی

دکتۆر: ئاراس فەریق زەینڵ

پەیامەکانی ڕێنوێن بۆ گەنجان ١١

سەلاحەددینی ئەیوبی

وبەرگری لە جیهانی ئیسلامی

نووسینی

دکتۆر: ئاراس فەریق زەینڵ

زنجیرە کتێبەکانی گۆڤاری ڕێنوێن

- ناوی کتێب: سەلاحەددینی ئەیوبی و بەرگری لە جیهانی ئیسلامی
- نوسینی: دکتۆر ئاراس فەریق زەینەڵ
- ناوی زنجیرە: زنجیرەی پەیامەکانی گەنجان
- ژمارەی زنجیرە: یانزەیەم
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نۆبەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٢
- ژمارەی لاپەڕە : ١٣٠ لاپەڕە
- قەبارە: ١١,٥×١٦,٥سم
- دیزاین : گۆڤاری ڕێنوێن
- چاپ : چاپخانەی ڕێ نوێ
- سەرپەرشتیکار : سەرکۆ کریم احمد
- ئیمەیڵ: renwen٢٠٠٩@yahoo.com
- ماڵپەڕ: www.aubyc.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١١٧٢)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە

ئەم بەرهەمە تەعبیر لە بۆچونی نوسەر دەکات

پێشەکی

هێرش و پەلاماری خاچپەرستان بۆ سەر ڕۆژهەڵات لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارو فاکتەری گرنگی تێکەڵ بە یەك بوو و هانی دان بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم شەڕە پیرۆزە، لە وانەش خراپی سیستەمی دەرەبەگایەتی و ڕزگاربوونی جوتیاران و کۆیلەکان لە برسێتی و هەژاری و بێکردنەوە لەتاڵان و دەستکەوتی سەرمایەی جاك لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەند، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو حاڵەتە بڕینی هەزاران کیلۆمەتر بوو بەبیانووی ڕزگارکردنی گۆڕی مەسیحی نەزانراو کە بەخۆی ڕۆژهەڵاتی بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆژئاواوە نەبووە، جگە لە بیانووی گێڕانەوەی (خاچی خاچان- صلیب الصلبوت) کە مەسیحی لەسەر خاچ دراوە، هاوکات بەشداری کردنی دەیان میرو پاشا و خانەدان و پیاوە ئاینییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ بارزگانەکانی ئیتاڵیا بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی خاچپەرستان لە ڕێگای دەریاوە بۆ ڕۆژهەڵات، جگە لە کاریگەری پاپاو کەنیسە لە وروژاندنی هەست و سۆزی ئەورووپییەکان، ئەمەش بۆ خۆی دەورێکی زۆر دژواری بینی لە پڕوپاگەندەی دەروونی و کۆنترۆڵ کردنی

مێشکیان بۆ جێبەجی کردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان دوور لە بەرژەوەندیەکانی مەسیحیەت کە دەچێتە قالبی سیاسەتی دەرەوە، ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تر پشێویی و نائارامی و ئالۆزی ناوچەکە بەهۆی نارێکی میرنیشینەکان لەناو خۆیاندا، وە دەست تێوەردانی زلهێزەکان لە کاروباری دەسەلاتی فاتمی و بێزەنتی هەروەهالاوازی خەلافەتی عەبباسی بەدەستی سەلاجقە تورکەکان جگە لە قەڕامیتەکان کە لە تێکچوونی بارودۆخی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی "المشرق الاسلامی" ڕۆلێکی گەورەیان هەبوو هاوکات نەبوونی سەرکردەیەکی بەهێزو بەتوانا بۆ یەکخستنی بەرەی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە نائارامە.

سولتان سەلاحەددینی ئەیوبی یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە گرنگ و بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلام و شەڕی خاچیەکان، ئەم ناوە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی هەژاند لە کۆتایی سەدەی "٦"ی کۆچی و "١٢"ی زاینی، ئەم کەسایەتیە جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوای ئەوروپی داگیرکرد وەکو سەرکردەیەکی بە توانا و لێهاتوو کە جێگای شانازی هەموو

موسڵمانان بوو، هاوکات جێگای مەترسی خاچیەکان بوو، سەلاحەددین خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارو پڕ لە سەرەوری جگە لەوەی کە گەورەترینو ناودارترین سەرکردەی مێژووی کوردو ئیسلام بووە لە سەدەکانی ناوەڕاست، ڕەنگە کەسێك تاکو ئێستا لە مێژووی ئیسلام بە قەدەر سەلاحەددین کاریگەری نەبێت لە پاراستنو یەکخستنی ڕیزەکانی بەرەی ئیسلامیو ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەترین مەرتسی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

Description

بسم الله الرحمن الرحیم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن "ئوسامە زەندی"
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

بەشی یەکەم: مەترسی سەر جیهانی ئیسلامی

باسی یەکەم

بارودۆخی جیهانی ئیسلامی

لە سەدەی دوازدەیەمدا، دوو زلهێزی گەورە دەستیان گرتبوو بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، یەکەمیان مەسیحیەکان کە بیزەنتیەکانن و دووەم، فاتمیەکان کە موسڵمانی شیعە بوون، لە نێوان ئەم دوو هێزەدا دەوڵەتی عەبباسی لە بەغدا، کە سەلجوقیەکان* دەستیان بەسەردا گرتبوو لاواز بوو، سەلجوقیەکان ناوچەکانی خۆیان فراوان کرد لە (ماوراء النهر)ەوە تا دەگاتە ئەرزڕۆم و شام، لە ساڵی (٤٨٥ ك/١٠٩٢ز) دەوڵەتی سەلجوقی، لە ئەنجامی ململانێ لە نێوان میرەکانیاندا پارچە پارچە بوو، ئەمەش باشترین دەرفەت ڕەخسا بۆ خاچیەکان، تا هێرش ببەنە سەر وڵاتی شام، فاتمیەکانیش لە ساڵی(٢٩٧ ك/ ٩٠٩ ز) لە باکووری ئەفریقیادا دەوڵەتی فاتمییان دامەزراند لە تونس، و لە ساڵی (٣٦٢ ك/ ٩٧٢ ز) میسریان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، لە ساڵی (٤٧٨ ك/ ١٠٥٨ ز) وڵاتی شامیان داگیرکرد و کردیانە بنکەی بانگەشەی

مەزهەبی شیعە، هەر لە هەمان ساڵدا بانگەشەی فاتمی لە بەغدا دەستی پێکرد، بەڵام هەر لە سەرەتای سەدەی (١١ز) لە شامدا خاچیەکان دەرکەوتبوون، و هەوڵی ئەوەیان دەدا، ناوچە پیرۆزەکانی فەلەستین بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لەم دەمەدا بارێکی شێواو و پەرتبوون لە شامدا ڕوویدا بوو، گەلێك میرنشین لەلایەن سەرداره عەرەبەکانەوە پەیدابوون، سەلجوقیەکان بەشی باکووری شامیان بەڕێوە دەبرد، و فاتمییەکانیش حوکمڕانی بەشی باشووریان دەکرد، ئەم پشێوی و دابەش بوونە، چاکترین هەل بوو بۆ بیزەنتییەکان، تا هێرش بهێننە سەر ناوچە کەنارییەکانی وڵاتی شام[١].

---

* . سەلجوقی: هۆزەیەکە لە تورکەکان لە پشتی ڕووبار نزیك بخاری دەژیان و ناویان لە پیرە گەورەیان وەرگیراوە کە "سلجوق" بووو ببوونە موسڵمان وە خۆیان بە پارێزەری مەزهەبی سنی دادەنا و لە سەردەمی طغرلبك دەسەڵاتی سەربەخۆیان وەرگرت، (بڕوانە: أبن تغری البردی: النجوم الزاهرة).

[١] . د. خاشع المعاضيدي وأخرون: الوطن العربي والغزو الصليبي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص٢٩، محمد رفعت ومحمد احمد حسونة: معالم تأريخ العصور الوسطى، ط٤، مصر، ١٩٢٧، ص ١٤٨.

** . بوەیهیەکان: ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ "ال بويه" لە دیلمی وڵاتی فارس، سێ کوڕی هەبوو توانیان وڵاتی فارس و بەغدا داگیر بکەن و ماوەی فەرمانڕەوایان لە نێو ساڵانی

لـــە ســـەرەتای ســـەدەی "٥"ی کۆچـــی "١١"ی زایینـــی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی تووشی حاڵـەتێکی ئـاژاوە بـوو بـە هـۆی لاوازی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی، ئەمەش بـووە هـۆی لـە دەســتدانی کـۆنترۆڵی لەســەر ولایەتــەکانی ژێـر دەســەڵاتی خیلافەت، ئەم دۆخە بە هاتنی داگیرکـاری بوەیهیـەکان** بـۆ بەغـدا ئاشـکراتر دەرکـەوت، چـونکە هـەموو دەسـەڵاتەکانی "خەلیفەیان" خستە ژێر ڕکێفی خۆیانـەوە، بـەم جـۆرە پێگـەی بەهێزی خەلیفـە نـەماو ڕێـزی کـەم بـوەوە، سـەرباری ئـەوەی بوەیهیەکان شیعە مەزهەب بوون کە دژی خیلافەتی عەبباسیە کـە سـوننە مەزهـەب بـوون، بـەڵام هێـشتنەوەی خەلیفـە عەبباسـیەکان بـە مەبەسـتی شـەرعیەت دان بـوو بـە فەرمانڕەواییان[1].

سیاسەتی بوەیهیەکان پشتی دەبەست بە نانەوەی ئـاژاوەی لە نێوان مەزهەبەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەم سیاسـەتەش

"٣٣٤- ٤٤٧ك/ ٩٣٢- ١٠٥٥ز" (بڕوانە: أبن الجوزی : المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، حیدر، اباد، ١٩٣٨، ج٦/ ص ٢٧٠).

[1]. کلود کاهن: تأريخ الشعوب الأسلامية، ت- بدرالدين قاسم، بيروت، ١٩٧٣، ص ٢٠٠.

بووە مایەی شەڕو ململانێ لە ناوخۆ[١] ، کە ئەوەش بۆ خۆی بووە مایەی لاوازکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگا لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتو خەتەرناکی بێگانە ، دەسەڵاتی بوەیهیەکان درێژەی نەخایاندو بە هۆی شەڕو ئاژاوەی نێوان ئەندامانی خێزانی دەسەڵاتدار لەسەر سەرکردایەتی بەرەو نەمان ڕۆشت ئەمە جگە لە هەڵوێستی خەلیفە لە دژیان.

لەو کاتانەدا کە دەسەڵاتی بوەیهیەکان بەرەو نەمان دەچوو، هێزێکی نوێی لاو هاتنە مەیدان ئەوانیش سەلجوقیەکان بوون، کە لە ساڵی (٤٢٩ك / ١٠٣٧ز) بە سەرکردایەتی "طغرلبك" دەستیان گرت بەسەر هەرێمی خوراساندا و خەلیفە "القائم بأمرالله" پاڵپشتی لێکردن، ئەوانیش خۆیان بە پارێزەری وڵاتو هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی دادوەری و دەسەڵاتی خیلافەت دادەنا لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز)[٢] خەلیفەی عەبباسی بۆ

---

[١] . جلال الدين السيوطي: تأريخ الخلفاء، تحقيق- محمد محي الدين، ط٣، بغداد، ١٩٨٧، ص ٤٠.

[٢] . حسين أمين: العراق في العصر السلجوقي، بغداد، ١٩٦٥، ص٤٦- ٤٧.

*. البساسيري "أبو الحارث ارسلان بن عبدالله التركي" لە مماليكی بهاء دەولەی بوەیهی لە پێشەنگی توركەكان بوو دواتر چووە پاڵی فاتمیەكان و ناسرا بە بساسیری كە

بەرەنگاربوونەوەی "پلانەکانی البساسیری"* و دەولەتی فاتمی کە لە میسر دەسەلاتیان فراوان بوو بوو، هەستا بە بانگیشت کردنی "طغرلبك" بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ببیتە یارمەتی دەرێکی خەلیفە[١].

بە هاتنی "طغرلبك" بۆ شاری بەغدا گۆڕانکاریەکی گەورە لە بالاتسی هێزەکانی نێوان دەولەتی عەبباسی و فاتمیدا ڕوویداو ولاتی شام بووە گۆڕەپانی شەڕی سەربازی نێوانیان، چونکە سەلجوقیەکان خۆیان بە پارێزەری مولکی خیلافەتی عەبباسی دادەنا کە ولاتی شام بەشێکی زیندووی ئەو مولکە بوو، بۆیە سەلجوقیەکان پاش پوچەڵ کردنەوەی پلانەکەی البساسیری و جێگیربوونی دەسەلاتیان لە بەغدا چاویان بڕیە ئەو شوێنە، ولاتی شامیش وەك ناوچەکانی تر کە لە ژێر رکێفی دەسەلاتی خیلافەتدا نەما بەبوو، ڕووبەڕووی چەندین ئاژاوەو شەڕی هێزە ناوخۆییەکان بووەوە، لەوانەش سەرکردەی هۆزە عەرەبەکان لە حالەتێکی شلەژان و نا ئارامیەی سیاسیدا دەژیان

دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە شاروچکەکانی ولاتی فارس-.(بڕوانە أبن خلکان: وفیات الاعیان وأنباء أبناء الزمان، القاهرة، ١٩٤٩، ج١/ص ٧٦).

[١]. البنداری: تأریخ دولة ال سلجوق. بیروت، ١٩٧٦، ص١٠- ١١.

لە دژی "عهد کوڕی مرداس" و ئەو کێشانەی بنو الجراح لە فەلەستین دروستیان کرد، لە ساڵی (٤٦٢ك/ ١٠٦٩ز)[١].

میر "مەحمودی کوڕی نصری کوڕی ساڵح کوڕی مرداس" میری حەلەب لەگەڵ سوڵتان "ئەلب ئەرسەلان" پەیمانی بەست بەوەی لە خوتبەی جومعەدا ناوی خەلیفە "القائم بأمر الله" بهێنێت، پاش ئەوەی سوڵتان لە بەغداوە ناوی "نەقیبی نوقباء"ی بۆ نارد تا بانگەواز بۆ عەبباسیەکان بکات[٢]، لە ساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٧٠ز) سوڵتان ملکشاه فەرمانی کرد بە "اتزابن اتبي" فەرماندەی تورکی بۆ ڕۆشتن بەرەو وڵاتی شام و دەستگرتن بەسەر ناوچەکانیدا، سوپاکەی توانی دەستبگرێت بەسەر (الرملە و بەیتولمەقدیس) و دەروروبەری جگە لە "عسقلان"، پاشان بەرەو "دیمەشق" ڕۆشت و ئابلۆقەی دا، بەڵام بە هۆی بەرەنگاربوونەوەی فاتمیەکان نەیتوانی داگیری بکات[٣]، "اتزابن" هەر بەردەوام بوو لە گەمارۆدانەکەی تا لە ساڵی (٤٦٨ك/ ١٠٧٥ز) توانی بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە

---

[١] . محمد جمال الدين سرور: النفوذ الفاطمي في بلاد الشام والعراق، القاهرة، ص٥٩.

[٢] . أبن القلانسي: ذيل تأريخ دمشق، بيروت، ص٥٨.

[٣] . أبن الأثير: الكامل في التأريخ، ج١٠/ ص٦٨.

دەستی بەسەردا بگرێت، بەم جۆرە دیمەشق چووە ژێر دەسەلاتی سەلجوقیەکانەوەو لەو بەرواره بە دواوە بانگی فاتمییەکانی تیا نەدرا[١].

سەلجوقیەکان بەمەش نەوەستانەوە بەلکو هەولیاندا دەسەلاتی خیلافەتی فاتمی لە میسردا لە ناوبەرن، بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی گەورەیان ئامادەکرد بە سەرکردایەتی "اتزابن" و لە سالی (٤٦٩ك/١٠٧٦ز) و چوونە زەویەکانی میسرەوە، بەلام بە هۆی بەرەنگاربوونەوەی فاتمیەکانەوە نەیانتوانی بچنە ناو قاهیرەوە چونکە میری فاتمیەکان "بدرالدین الجمالي" توانی هێزێکی گەورە کۆبکاتەوەو شکست بە هێزی "اتزابن" بهێنێت و تا الرملە ڕاویان بنێت[٢]، ئەم شکستە کاری کردە سەر لاوازکردنی هێزەکەی اتزابن، کاتێك سوپای فاتمیەکان بەرەو دیمەشق دەکشا، "تتش کوڕی ئەلب ئەرسەلان" لە ولاتی شام دەرکەوت و دەستی گرت بەسەر ئەو ناوچەیەدا کە مەلکشای برای پێی بەخشیبوو جگە لە سنوری دەسەلاتی

---

[١]. أبن القلانسي: ذيل تأريخ دمشق، ص١٠٨.

[٢]. أبن القلانسي: ن،م، ص١٠٩، أبن الأثير: ن،م، ج١٠/ ص١٠٣- ١٠٤.

خۆی، ئەوەی تێبینی دەکرێت "تتش" لە دەسەلاتی "اتزابن" تورکمانی دەترسا لە وڵاتی شامدا وەك خەتەرێك لەسەر دەسەلاتی خۆی سەیری دەکرد، بۆیە لە ساڵی (٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) یەکەم هەلی لە دەست نەدا بۆ لە ناوبردنی[١].

جێی ئاماژە بۆ کردنە پاش شکست هێنانی اتز فراوان بوونی دەسەلاتی سەلجوقی بەرەو ڕۆژئاوای فاتمی وەستا، ئەگەر چی چەند هەوڵێکی نەزۆك هەبوو لە لایەن تاج الدولە "تتش"ەوە کە سەرقاڵی جەنگێکی بەردەوام بوو لەگەڵ "موسلمی کوڕی قرینقی" فەرمانڕەوای موسڵ لە لایەك و فاتمیەکان لە لایەکی تر[٢]، دواتریش لە ساڵی (٤٧٧ك/ ١٠٨٤ز) لەگەڵ "سلێمان کوڕی قتلمش"ی سەلجوقیدا تووشی ململانێ بوو کە ئەو کاتە دەستی گرتبوو بەسەر قونیەو* لە

---

[١] . أبن القلانسي: ن.م، ص١١٢، المقريزي: اتعاظ الحنفا، تحقيق- محمد حلمى محمد، القاهرة، ١٩٧١، ج ٢/ص ٣٢٠.

[٢] . أبن الأثير: الكامل، ج ١٠/ ص٢٣٢- ٢٣٤.

* . قونیە: شارێکی تورکیە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەسیای بچووك و سەلجوقیەکان کردیانە پایتەختی خۆیان لە وڵاتی روم کاتی فەتح کردنی ساڵی (٤٧٧ك/ ١٠٨٤ز) (بڕوانە: کي لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، ت- بشير فرنسيس وكوركيس عواد، بغداد، ١٩٥٤، ص ١٧٢).

وڵاتی شامدا ئینتاکیاداو هەوڵیدا دەسەڵاتی فراوان بکات، بەڵام سوپاکەی لە بەرامبەر تاج الدوله "تتشدا" تووشی شکست هاتو بە هۆیەوە لە ساڵی (٤٧٩ك/ ١٠٨٦ز)[١] . سلێمان خۆی کوشت، لە ناوەندی ململانێی نێوان میرە سەلجوقیەکان لەسەر وڵاتی شامو نێوان خەڵکەکەی بە تایبەتیش پاش مردنە چاوەڕوان نەکراوەکەی سلێمان ململانێ لە نێوان میرە تورکەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات زیادیکرد، لێرەدا ملکشاه هەستا بە دانانی دوو فەرماندە بۆ فەرمانڕەوایی رۆم، کاتێ هەواڵی هاتنی سوڵتان ملکشاه گەیشتە "تتش"لە حەلەب هەڵهاتن بۆ دیمەشق[٢] .

هەرچەندە سەلجوقیەکان لە وڵاتی شام خۆیان بە هێز دەکردو سنوری دەسەڵاتیان لەسەر حسابی بیزەنتەکان فراوان دەکرد بە تایبەت دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی ملازگرددا لە ساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٦٩ز)، کە لە ئەنجامە گرنگەکانی

---

[١] . أبن كثير: البداية والنهاية، بيروت، ١٩٧٧، ج١٢/ص ١٣.

[٢] . أبن العديم: زبدة الحلب في تأريخ حلب- ت، سامي الدهان، دمشق، ١٩٥١، ج٢/ ٩٩ص- ١٠٣.

دامەزراندنی دەولەتی سەلجوقی روم بوو[١]، بەلام لە دوای مردنی سولتان "ملکشاه" لە سالی (٤٨٥ك/ ١٠٩٢ز)، دەولەتەکەیان بە هۆی ململانیی نێوانیان لەسەر دەسەلات ڕووی لە لاوازی کرد ناکۆکیەکان پەرەی سەند بۆ شەڕ لە ئەنجامدا دەولەتەکەیان دابەش بوو بۆ پێنج بەش[٢]، لە ئەنجامی ئەم دابەش بوونە بارودۆخی ولاتی شام تێکچوو، ئەمەش ببووە هۆی دەست تێوەردانی فاتمیەکان لە کاروباری ناوخۆیی بە تایبەت دوای گواستنەوەی پایتەختی خیلافەتیان لە سالی (٣٥٨ك/ ٩٧٣ز) لە مەغریبەوە بۆ میسر[٣]، پێویستی سیاسی و جەنگی ناوچەکە وای خواست کە چالاکیەکانیان ئاڕاستەی ولاتی شام بکەن، بە مەبەستی لاوازکردنی پایەی خیلافەتی عەبباسی و کۆنترۆڵ کردنی جیهانی ئیسلامی و بانگەشە کردن بۆ مەزهەبی شیعە، لە سالی (٣٥٩ك/ ٩٧٣ز) دەستیان کرد بەجێ بەجێ کردنی ئەم سیاسەتە ئەویش ناردنی هەڵمەتێك بە فەرماندەی

---

١. ابن الأثير: الكامل،ج ١٠/ ص٦٢- ٧٦، رنسيمان، ن م،ج ١/ ص٦٩.

٢. عاشور: ن م، ج١/ ص ١١٤.

٣. المقريزى: اتعاظ الحنفا، ج١/ص ١٠٢.

"جفعر بن فلاح"و توانیان فەلەستین داگیر بکەن[١]، بەلام ئەم دۆخە زۆری نەخایاند قەرامیتەکان** سەریان هەڵدا، هاوکات هێزی هۆزە عەرەبیەکان لە ناوچەکە پەرەی سەند لەوانەش "بنی طئ" لە فەلەستین کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی ناوچەکە لە ساڵانی (٣٨٨- ٤٢٠ك/ ٩٨٨- ١٠٢٩ز)دا، هەروەها "بنو کلاب و بنو الجراح" بوونە هاوپەیمان لە دژی فاتمیەکان لە وڵاتی شامدا[٢]، بەمەش خیلافەتی فاتمی ناچار بوو لە دژیان سوپایەك ئامادە بکات، بەلام بارودۆخی فاتمیەکان لە شام بە هۆی مەترسی سەلجوقیەکانەوە بەردەوام سەقامگیر نەبوو[٣].

---

[١]. المقريزى: اتعاظ الحنفا، ج١/ص ١٠٢.

**. قەرامیتەکان: بانگەوازێکە لە "سواد الكوفه" بڵاوبووە لەسەر دەستی "حمدان بن الاشعث" وە لە شوێن کەوتووی بانگەوازی خەلافەتی فاتمی بوو هاوکات لە ژێر کاریگەری "مزدکی و زەردەشتی" بوون توانیان یەکەم دەوڵەتی کۆماری لە بەحرەین دامەزرێنن و گەورەترین مەترسی بوون لە ناوچەکە- (بڕوانە: أبن الجوزي: المنتظم،ج ٥/ ص ١١٠، أبن خلدون: العبر وديوان المبتدأ والخبر، بيروت، ١٩٧١، ج٤/ ص ٨٨- ٨٩).

[٢]. أبن القلانسي: ن.م، ص١٣٥.

[٣]. أبن الأثير: الكامل، ج١٠/ص ٢٨٢- ٢٨٣.

پاشماوەی ئەم ڕووداوانە بارودۆخێکی نائاسایی و نائارامی و پشێووی لە ناوچەکەدا خولقاند، ململانێی سیاسی ببووە هۆی تێکچوونی باری ئابووری لە نیوەی دووەمی سەدەی "٥ك-١٠ز"، بە شێوەیەك (ابن القلانسی)[١] دەڵێت "لەو ساڵانەدا نرخی شت و مەك لە دیمەشق زۆر گران بوو بە ڕادەیەك دانەوێڵەیان نەمابوو" هەروەها دۆخی میسریش هیچ کاتێك لە شام چاکتر نەبوو، نزیکەی "١٠" ساڵ برسێتی بەخۆ بینی لە ئەنجامی ململانێ نێوان سەربازەکانیان کە لە بەربەری و سودانیەکان لەگەڵ تورکەکان[٢] پێکهاتبوو، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی تیا دەژیا ببووە هۆی لاوازیوونی کۆمەڵگای ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی دەرەوەدا، بە جۆرێك زۆربەی مێژوونووسان بارودۆخی ڕۆژهەڵات بە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هەڵمەتی خاچیەکان دادەنێن لە قۆناغەکانی یەکەمیدا، هەواڵی ئەم پشێوویی و نائارامیەی ناوچەکە لە ڕێگای حەجاجەکان و

---

[١] . هەمان سەرچاوە لە میانەی ڕووداوەکانی ساڵی "٤٦٨ك/ ١٠٧٥ز"، ص١٠٨.

[٢] . المقریزی: اتعاظ الحنفا، ج١/ص ٢٧٩- ٢٨٠.

بازرگانەکانەوە دەگەیشتە ئەوروپاو لە ئاسانی داگیرکردنی ناوچەکە ئاگاداریان دەکردنەوە بە هۆی نەبوونی دەسەلاتێکی بە هێز بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکە.

دۆخی ناوچەکە دەرفەتی بۆ خاچیەکان ڕەخساند لە جێبەجێ کردنی کاری سیاسی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە داگیرکاریەکانیان، ئەویش بە بەکارهێنانی حەزی ناوچەگەرێتی لە نێوان دەسەلاتدارەکانی ناوچەکەدا "فاتمیەکان، سەلجوقیەکان، تورکمانەکان، میرە ناوخۆیەکان" و ئەم کارەیان زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دیار بوو، لە ئەنجامی بوونیان لە قوستەنتنیەدا چونکە ئیمپراتۆری بیزەنتی زانیاری چاکی لەو بارەیەوە پێ بەخشین[١].

شایەنی باسە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و خیلافەتی فاتمی لە میسر لە ڕێگای وەفدو نامە گۆڕینەوەو بەرژەوەندییە بازرگانیە هاوبەشەکانی نێوانیان دەرفەتی ڕەخساند بۆ زانینی ئەو زانیاریانە، لە ڕاستیدا مەترسی سەلجوقیەکان بۆ سەر خیلافەتی فاتمی و ئیمپراتۆریەتی

---

١. رنسیمان: ن.م، ج١/ص ٣٢٥، ابن الأثیر: الکامل،ج ١٠/ص ٢٧٣.

بێزەنتی وای لێکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسیە پەیوەندیان خۆش بێت، ئەم هۆکارانە دەرفەتیان ڕەخساند بۆ هاتنی خاچیەکان و دەست پێکردنی پرۆسەی داگیرکردنی ناوچەکە.

تەوەری دووەم

بەرپابوونی شەڕی خاچپەرەکان

(پاپا ئوریانی دووەم) لە ڕۆژی (٢٦)ی تشرینی دووەمی ساڵی (٤٨٩ك/ ١٠٩٥ز) لە شاری (ئەلمبردوێت) لە باشووری فەڕەنسا وتارێکی پێشکەش کرد بە مەسیحیەکان ، لەو وتارەیدا داوای لە مەسیحیەکان کرد ، کە شوێنەوارە پیرۆزەکان ڕزگار بکەن لە فەلەستینو لە ژێر دەستی موسڵماناندا دەری بهێنن، ئەم وتارەی (پاپا ئوریانی دووەم) کاریگەری زۆر بوو، بە تایبەت لە نێوان فەرەنجو نۆرماندییەکاندا ، بۆ ئەم مەبەستە ، هەزاران لە مەسیحیە توندڕەوەکان لەشکرێکیان دروستکردو ڕوویان کردە قوستنتنیە بۆ هێرش بردنە سەر وڵاتی شام، خاچپەرەکان ناکۆکیو دوو بەرەکیو دابەشبوونی ناوچەی موسڵمانەکانیان بە هەلزانیو هێرشیان هێنایە سەر کەنارەکانی لوبنانو هەندێك لە شارەکانی باکووری شام، تا گەیشتنە بەیتولمەقدیسو داگیریانکردو دەستیان کرد بە کوشتنو بڕینو تاڵانیو وێرانکردنی، بەم جۆرە خاچپەرەکان میرنشینی خاچیان دامەزراند لە نێوان (عەقەبەو بیرۆت)دا بە دامەزراندنی میرنشینی

خاچپەرەکان، موسڵمانەکان هەستیان بە مەترسی ئەم بارودۆخە نوێیە کرد، بۆیە دەستیان کرد بە دژایەتی و بەرهەڵستکاری خاچپەرەکان[١].

هۆکارەکانی شەڕی خاچپەرەکان

لە ئەنجامی ململانێی نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکان بارودۆخی سیاسی "ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی" بە تایبەت وڵاتی شام نا ئارام و نا هەموار بوو[٢]، بەڵام تەنها بارودۆخی "ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی" فاکتەر نەبوو لە زەمینە ڕەخساندن بۆ هەڵمەتی خاچپەرەکان، بەڵکو ئەو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی کە ئەورووپای تێدا دەژیا هۆکار بوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم هەڵمەتانە بەرەو ناوچەکە[٣]، بۆ نموونە فەرەنسا ڕۆڵی کاریگەری و ڕاستەوخۆی هەبوو لە قۆناغی یەکەمی هەڵمەتی خاچپەرەکان، بەڵام هێزەکانی تری ئەورووپا وەك

---

[١]. د. سعيد عبدالفتاح عاشور: اوروبا في العصور الوسطى، الجزء الاول، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٥٨، القاهرة، ص٤٠٥، د. قاسم عبدة قاسم: ماهية الحروب الصليبية، عالم المعرفة (١٤٩)، ١٩٩٠، الكويت، ص١٠٩

[٢]. حسن حبشي" نورالدين والصليبيون، القاهرة، ١٩٤٨، دار الفكر العربى، ص١٨.

[٣]. د. سعيد عاشور: ن.م، ج١/ ص ١٧.

"ئینگلترا و ئیسپانیا و ئەلمانیا" خەریکی کاروباری ناوخۆی خۆیان بوون و دوور بوون لە بەشداری کردن و ڕێکخستنی بزووتنەوەی خاچپەرستان، چونکە ئینگلترا تازە نورمانی ڕزگار کردبوو لە چارەکەی یەکەمی سەدەی "١١"ی زایین، و ڕووبەڕووی هەندێ کێشە بوو بووەوە پێویستیان بە چارەسەر هەبوو، بەڵام ئەلمانیاش بە هۆی شەڕی ناوخۆوە تووشی قەیرانێکی خراپ هاتبوو لەبەر ئەم هۆکارە بیری لە بەشداری ئەم بزووتنەوەیە نەدەکردەوە[1]، ئیسپانیاش بە هۆی شەڕەکانی دژی عەرەب لە ئەندەلوس دوورکەوتەوە لە بەشدارکردن لە هەڵمەتەکانی بزووتنەوەی خاچپەرستان، بۆیە ئەرکی خۆ ئامادەکردن بۆ گەورەترین شەڕی خاچپەرستان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەوتە ئەستۆی فەڕەنسیەکان[2].

هاوکات دیدو بۆ چوونی مێژوونوسان سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵمەتی خاچپەرستان جیاوازە بە تایبەت سەرەتاکانی هەڵمەتەکە، چونکە هەندێکیان لایان وایە ئەم

---

[1]. ارنست باركر: ن.م، ص٢٣- ٢٤.

[2]. فشر: تأريخ اوروبا في العصر الوسطى- ت- محمد مصطفى زيادة، القاهرة، ١٩٦٩م ١/ص ١٨١.

هەڵمەتانە بازنەیەکە لە بازنەکانی ململانێی کلاسیکی کۆنی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە هەر لە سەردەمی فارس و یونانیەکانەوە سەری هەڵداوە، فاکتەری ئەم ململانێیانە ئەوەندەی شارستانی بووە ئەوەندە ئایینی نەبووە، بە هۆی ململانێ نێوان دوو شارستانیەتی جیاوازی "ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا" بووە[١].

هەروەها هەندێکیان لایان وابوو کە هێرشی خاچپەرەکان بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، کۆتایی زنجیرەیەك کۆچی گەورەی ئەورووپیەکان بووە کە لە ئەنجامی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی[٢] دروست بوو بوو، بەڵام هەندێکی تر لایان وایە بزووتنەوەی خاچپەرەکان دەرچوونێکی گەورەیە، و لە ئەنجامی پرۆسەی بوژاندنەوەی ئایینی لە سەدەی "١١"ی زایینی لە ڕۆژئاوا ئەورووپا دەستی پێکرد، بە پەرەپێدانی پرۆسەی حەج کردن بۆ بەیتولمەقدیس لەگەڵ گۆڕین و پێشخستنی شێوازی حەج کردن کە ببووە پرۆسەیەکی جەنگی[٣].

---

[١]. اسامة بن منقذ: كتاب الاعتبار، حرره فيليب حتى، برنستون، ١٩٣٠، ص٢٠.

[٢]. د. سعيد عاشور: ن.م.ج ١/ص ٢١- ٢٤.

[٣]. هەمان سەرچاوە: ج١/ ص٢٥.

بەڵام بۆچوونێکی تر ڕزگاربوونی خاچپەرەکان لە بارودۆخ و ئەهامەتیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە تێدا دەژیان بە هۆکاری هێرشی خاچپەرەکان دادەنێن[١].

بۆیە دەتوانین بڵێین هێرش و هەڵمەتی خاچپەرەکان لە ئەنجامی سروشتی بارودۆخی ئایدۆلۆجی و ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەوروپا سەری هەڵدا، بەرامبەر بە تێکچوونی بارودۆخی ڕۆژهەڵات بە تایبەت سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ لە نێوان "هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی"، لێرەدا گرنگترین فاکتەرەکانی هەڵمەتەکانی خاچپەرەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵات ئیسلامی ڕوون دەکەینەوە.

---

١. ارنست باركر: ن م، ص٢٣.

هۆکاری ئایینی

زۆر لـە مێژوونووسـان گرنگـی زۆر دەدەن بـە فاکتـەری ئایینی لە هەڵمەتی خاچیەکان بۆ سەر ناوچـەکانی ڕۆژهـەڵات، بە ئامانجی ڕزگارکردنی گۆڕی مەسیح و خاکی پیرۆز لە دەسـتی موسڵمانان[1]، بێگومان فاکتەری ئایینی لـە ڕواڵەتـدا ڕۆڵێکـی گرنگـی هـەبوو، بـۆ هێرشـی خاچـیەکان، چـونکە مەسـیحیە توونـدڕەوەکانی ئەوروپا فاکتەری ئاینییان کـردە بەڵگەیـەك بـۆ هێرش هێنانە سەر وڵاتـی شـام، کـە هەنـدێ جـار لـە کـاتی هێرشەکانیان هۆکـاری ئـایینی لاواز بـوو بەڕادەیـەك لـە نێـو ئاڕاستە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای نـوێ وون دەبوو[2]، مەسیحیە توونـدڕەوەکانی ئەوروپا بیرۆکەیەکی وایان بڵاوکـردەوە کـە مەسـیحیەکانی وڵاتـی ئیسلامی بـە دەسـتی فـەرمانڕەواکانی ئیـسلام تووشـی ئـازارو ئەشـکەنجە هـاتوون، هاوکات پاپا ڕۆڵی هەبوو بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی خـەڵکی لە نـاو کۆمـەڵگای ئـەوروپا، کـە دەسـەڵاتە بـێ هێـزو لاوازە

---

[1]. د. علية الجنزوري: امارة الرها الصليبية، (القاهرة: ١٩٧٥) ص ١٥٧.

[2]. د. خاشع المعاضيدي وأخرون: ن.م، ص٢١.

سیاسیەکانی ئەورووپا زەمینەی بۆ ڕەخساند بۆ دەست تێوەردانی کاروباری سیاسی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپا[١]، هەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی پاپا هەبوو بەسەر چینی هەژارو نەدارەکانی ئەورووپا، چونکە پاپاو کڵێسا تاکە سەرچاوە بوون بۆ ئەوان کە حەزە "دەروونی"یەکانی هاوڵاتیانە بەدی دەکرد لە هەمان کاتدا لە دەوڵەتە دەرەبەگایەتیەکان هیچ مافێکیان نەبوو[٢].

ئەم کاریگەریە تەنها لەسەر چینی هەژارەکان نەبوو بەڵکو گەیشتە چینەکانی "سوارەکان، پیاوە خانەدانەکان، دەرەبەگەکان" چونکە تاکە شوێن بوو بۆ لێبوردن لە گوناهەکانیان "تکفیر عن الذبوب"، هاوکات کڵێسا زۆر سوودی لە دواکەوتنی شارستانیەتی ئەورووپای ئەو کاتە بینی بە هۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕو دابو نەریتی ئایینی فرە خودایی[٣]، لە میانەی ئەم هۆکارانە دەزگای کڵێسا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە بانگەواز کردنی هەڵمەتی خاچیەکان لە جێبەجێ کردنی

---

[١]. ارنست بارکر: ن.م، ص١١٣.

[٢]. کرستوفر مونت: تکوین اوروبا، ت- محمد مصطفی زیادة، القاهرة، ١٩٦٧، ص٣٤٠.

[٣]. فشر: ن.م، ج١/ ص١٢٨- ١٢٩.

سیاسەت و ئامانجەکانی، هەندێ ئەم هۆکارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی سیە ەمێکی دیاریکراو نیە بۆ هەڵبژاردنی پاپا، هەرچەندە دەبوو لە لایەن پیاوە ئاینیەکان و خانەدانەکان دیاری بکرێت، بەڵام زۆر جار ئیمپراتۆر ڕۆڵ و کاریگەری هەبوو لە هەڵبژاردنی پاپا وەکو ئەوەی ئیمپراتۆر "اوتووی سێهەم" سێ پاپای دامەزراند، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەزگای ئایینی مەسیحی تووشی لاوازی و لە ناوچوونی هیبەتی ئایینی هاتبوو لە ناو کۆمەڵگای ئەوروپیدا[1]، جگە لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان کڵێسای ڕۆژئاوا و کڵێسای ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی کۆتایی لە ساڵی (٤٤٦ ك/١٠٥٤ز)[2].

بەڵام سەرهەڵدانی سەلجوقی و پەرەسەندنی مەترسیان لەسەر ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆی ئیمپرتۆریەت لە ساڵی (٤٦٦ ك/ ١٠٧٣ز) پاڵی نا بە ئیمپراتۆر "میخائیل ی حەوتەم" بە ناردنی نامە بۆ پاپا "گریگوری حەوتەم" بۆ یەك خستنی هەردوو کڵێسا و پێدانی

---

[1]. ویل دیورانت: قصة الحضارة، ت- محمد بدران، مصر، ١٩٦٥، م٤، ج٣/ ص٣٨٢.

[2]. فشر: ن.م، ج /ص ١٧٧- ١٧٩.

هاوکاری لە ڕووی سەربازیەوە دژی مەترسی سەلجوقیەکان، بەلام ئەم هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو[1]، هەروەها پرسی حەج کاریگەری خۆی هەبوو لە جوڵاندنی هەست و سۆزی ئەورووپیەکان بە هۆی خراپی ڕەفتاری موسڵمانان بەرامبەر حاجیە مەسیحیەکان بۆ بەیتولمەقدیس[2].

هەرچەندە هەندی لە مێژوو نووسانی ئەورووپی ئەوە دەسەلمێنن کە ژیانی مەسیحیەکانی وڵاتی ئیسلام زۆر چاکتر بوو لە ژیانی مەسیحیەکانی ئیمپرتۆریەتی بیزەنتی، ڕەنگە لە ئەنجامی هۆکاری ئایینی تووشی هەندێ گیروگرفت هاتبن ئەمەش بانگەوازی پاپا "اوریانی دووەم" لە ساڵی (٤٨٩ ك/ ١٠٩٥ز) و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی مەسیحیە ئەورووپیەکان هەبوو بۆ دەرچوونیان بەرەو ڕۆژهەڵات بە ئامانجی ڕزگار کردنی بەیتولمەقدیس لە دەستی موسڵمانەکان، زۆر لە دانیشتوان لەبەر سادەو ساکاری هاتن بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە لەگەڵ حەزو ئارەزووی هەندێك بۆ ڕزگار بوون لە سزاکانیان لە

---

[1]. ارنست بارکر: ن.م، ص١٩، ویل دیورانت: ن.م، م٤، ج٣/ص ٣٩٦.

[2]. ارنست بارکر: ن.م، ص٨١.

ئەورووپاو دەسکەوتی سیاسیو مادیو قوتار بوون لە سیستەمی دەرەبەگایەتی، بەلام هەندێ لە ڕیوایەتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەورووپاییەکان لە ژێر ئالای "خاچ- صلیب" بە دروشمی "ئەمە ویستی خوایە" لە دژی موسڵمانان کۆبوونەوە[1].

هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی

لە ڕاستیدا ئەم دوو هۆکارە بەهۆی سیستەمی دەرەبەگایەتی کە لە ئەورووپا بڵاو ببووە وە لە سەدەی "١٠-١٢"ی زایینی زۆر تێکەڵنو بە ئاسانی جیاناکرێتەوە وە لە سەدەی "١٠"ی زایینی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئەورووپا نەما، پاشاکانی دانیمارك لە ساڵی "١٠٠٠" زایینی لە کەنارەکانی دەریای باکوورو دەریای بەڵتیق دوا دەسەڵاتیان دامەزراند، لە ساڵی (٤٦٨ ك/ ١٠٧٥ز) ئەو دەسەڵاتە بەرەو لە ناوچوون هەنگاوی دەنا، پێش ئەوان بە چەند سەدەیەك ئەو دەیسەڵاتە تێدا لە فەڕەنساو ئیتاڵیا لە ناوچوو بوو[2]، لەبەرئەوەی سیستەمی

---

[1]. رنسیمان: ن.م، ج١/ ص١٥٤- ١٥٧، د. درید عبدالقادر نوری: سیاسة صلاح الدین الأیوبي في بلاد مصر والشام والجزیرة، بغداد، ١٩٧٦، ص٥٢.

[2]. فشر: ن.م، ص٨٤- ٨٥.

دەرەبەگایەتی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئەورووپا دامالّی بوو[١]، چونکە سیستەمی دەرەبەگایەتی بە گەشترین قۆناغەکانی پەرەسەندنی هەنگاوی دەنا لەو کاتەی "شارلمان" زەوی دەدا بەو پیاوانەی خزمەتی سوپای شارلمان دەکەن، هاوکات شەڕی ناوخۆو هێزەکانی "فێکنج" لە فەڕەنسا وایان کرد لە هەندێ خاوەن زەوی کە توانای بەرگریان نەبوو داوای یارمەتیو هاوکاری لە دەرەبەگەکان بکەن کە هێزی سەربازیان هەبوو بەرامبەر بەوەی لە خزمەتی ئەواندا بن، بەمەبەستی پارێزگاری کردنی "زەویەکانیان- ئەقطاعیات"[٢]، ماوەی خزمەتی سەربازی "٤٠" ڕۆژ بوو جگە لەوەی دەرەبەگەکان زەویان دەدا بەو خێزانانەی لە زەویو کێڵگەکاندا کاریان دەکرد هەروەها لە پێناو زیادکردنی بەرهەمدا دەستیان کرد بە وشك کردنی زونگاوەکانو کێڵانی باخەکانو ئامادەکردنی بۆ کشتوکاڵی.

بێگومان جوتیاران بە هۆی ئیستغلال کردنی دەرەبەگەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان بێ بەش بوون لە هەموو مافە

---

١. د. خاشع المعاضيدي وأخرون: ن.م، ص٢٢.

٢. سعيد عبدالفتاح عاشور: اوروبا في العصور الوسطى، التأريخ السياسي، القاهرة، ١٩٦١، ج٢/ ص٥١.

سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بۆیە جوتیارو کۆیلەکان بە دوای دەروازەیەکدا دەگەڕان بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمی دەربەگایەتی، چونکە لە ژێر سایەی ئەو سیستەمەدا کە بچووکترین مافی ژیانی مرۆڤی تیادا نەبوو لە ژیانێکی زۆر ناهەموواردا دەژیانو پابەند بوون بە گەورەکانیانەوە، لە هەمان کاتدا بێ بەش بوون لە بەرهەمی کێڵگەکانیان[1]، بۆیە سەرهەڵدانی بانگەوازی هێرشی خاچیەکان چاکترین هەل بوو بۆ ڕزگاربوونیان لە دەستی دەربەگەکان، سەرەڕای مەترسیەکانی ئەم هێرشە، بەڵام بەلای ئەوان زۆر لە ژیانی جوتیاریو کۆیلەیەتی باشتر بوو، لە ڕاستیدا پاشماوەی سلبی سیستەمی دەربەگایەتی تەنها لە سەر چینی جوتیار و کویلە نەبوو، بەڵکو گەیشتنە چینی دەربەگەکان خۆیان[2]، چونکە سیستەمی دەربەگایەتی لە میراتدا بە پشتاوپشت بوو تەنها کوڕی گەورە مافە وەرگرتنی میراتی هەبوو ئەوانی تر کوڕو کچ بێ بەش دەبوون لەم مافە ناچار بە دوای شوێنی تردا دەگەڕان بۆ دابین

---

[1]. ویل دیورانت: ن.م، م٤،ج ٣/ص ٤٢٢.

[2]. رنسیمان: ن.م، ج١/ص ١٣٨.

کردنی بژێوی ژیانیان و دەسکەوتنی زەوی کشتوکاڵی چاکتر لە ڕۆژهەڵات، هەر چەندە ئەم سیستەمە دۆخێکی ناهەمواری هێنابووە سەر کۆمەڵگای ئەورووپی بەڵام لە هەمان کاتدا سوودی زۆری هەبوو لە چاك کردنی زەوی و زارو دروستکردنی شارەکان بە مەبەستی فراوان بوونی دەسەڵاتیان، هەروەها دروستکردنی هێزی سەربازی و ئامادەکردنی تیپی سوارەکان و گەشەکردنی باری ئابووری[1].

لە سەرەتای سەدەی "١١ز"دا کۆمەڵگای ئەورووپی سەرهەڵدانی هێزێکی نوێی بە خۆوە بینی ئەویش نۆرماندیەکان بوون کە لە ساڵی (٢٩٩ ك/ ٩١١ز) لە دۆڵی "ڕووباری سین" نیشتەجێ بوون و دواتر ئەو شوێنە بە ناوی نۆرماندیا ناسرا، نۆرماندیەکان لە کاری دەریاوانی و بازرگانی چەتەیی و کۆنترۆڵ کردنی دەریای سپی ناوەڕاست و دەست پێکردنی پەیوەندی بە شارەکانی ئیتاڵیا و دورگەکانی بەریتانیا و دەریای ناوەڕاست و ڕۆهەڵات ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو[2].

---

[1]. السيد الباز العريني: الشرق الأوسط والحروب الصليبية، ج١/ ص١٠٨.

[2]. فشر: ن.م.ج ١/ص ١٣٠.

هاوکات لە ڕۆما ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان دەستی پێکرد بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و فەرامۆش کردنی گەل و نیشتمان و بەرێوەبردنی کاروباری وڵات، وە لە پێناو بە دەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر بیریان لە زەوییە بەپیت و بەرەکەتەکان دەکردەوە، بۆیە دەبینین گەلێك لە میرو پاشاکانی ئەوروپا، لەوانە "فردریك باربارۆسا" و "ریتشارد شێردڵ" و "فیلیب ئۆگستس" و "فردریکی دووەم" و "لویسی نۆیەم" بەشداری شەڕی خاچپەرستەکانیان کرد لە ترسی دەرکردنیان لە کلێسا و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵاتی وڵاتەکەیان لە لایەن پاپاوە. گەلێگ لە میرەکان بۆ مەبەستی فراوانکردنی ناوچە دەرەکیەکانیان بەشداریان دەکرد.

ئەمە جگە لە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان[1]، ئەگەر سەرنج بدەین لە فاکتەری سیاسی کە گرنگی سەرەکی هەیە لە هەڵمەتی خاچپەرستەکان، دەبینین میرو پاشا بەشدار بووەکانی ئەوروپا لەم هەڵمەتانەدا لەسەر

[1] . د. خاشع المعاضيدي واخرون: ن.م، ص٢٤- ٢٥.

دەسکەوتەکانو پێشڕەوی کردنیان بۆ وڵاتی شام وە دامەزراندنی میرنشینی خاچیو فەرمانڕەوای کردنی بەردەوام لە ململانێدا بوون بە ڕادەیەك هەندێ جار هاوپەیمانی هێزە ئیسلامیەکانیان دەکرد لە دژی برا خاچیەکانیانو بەرژەوەندیە رامیاریەکانیان لەم وڵاتەدا.

هۆکاری ئابووری

ئەم هۆکارە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە بەرپابوونی زۆر لە شەڕو هێرشو کۆچکردنەکان گرنگی گەورەی خۆی هەیە هۆکاری ئابوری لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی هەڵمەتی خاچیەکان بوو بۆ ڕۆژهەڵات بە تایبەت کە کۆمەڵگای ئەوروپی لەوکاتەدا لە سایەی دڕندەترین سیستەمی دەرەبەگایەتیدا دەژیانو ئەم ژیانە هەموو کۆمەڵگای ئەوروپی گرتبووە، بە تایبەت بەشداربووانی شەڕی خاچیەکان لە ساڵی (٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز)، ڕۆژئاوا ئەوروپا تووشی نەهامەتی لافاوو نەخۆشیو برسیەتی بوو کە هاندەر بوو بۆ کۆچکردنی خەڵك لە زەوییەکانیان، خراپ بوونی باری گوزەرانی دانیشتوانو

تێکچوونی ژێرخانی ئابووری لە ئەورووپا بە گشتی و فەڕەنسا بە تایبەت[1]، بووە هۆی ئەوەی مەسیحیەکان هەوڵ بدەن ڕوو بکەنە وڵاتی شام بۆ ئەوەی لەو برسیەتی و ڕەش و ڕووتیە ڕزگاریان بێت سەرچاوەی ژیانی باشتریان دەستکەوێت، بە هۆی قەیرانی ئابووری تێکچوونی بارودۆخی بازرگانی و کشتوکاڵی، کە ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەورووپا ببووەوە دانیشتوان لەبەر برسیەتی و قات و قڕی و بێکاری و چەوساندنەوە، پەنایان دەبردە بەر گژوگیا خواردن ئەم هەموو هۆکارانە یارمەتی دەربوون لە بیرکردنەوەی خەڵکی بۆ کۆچ کردن لە پێناوی بە دەست هێنانی بژێویی ژیان و گەڕان بە دوای خۆش گوزەرانی[2].

هاوکات دروستکردنی بیرۆکەی خورافی لای ئەورووپیەکان بەرامبەر دەرامەتە کانزایەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ نموونە "جوانفیل" دەڵێت "دانیشتوانی دەوروبەری ڕووباری نیل ئێواران تۆڕ دەخەنە ناو ڕووبارەکە ڕۆژی دواتر پڕ بووە لە شتی بە نرخ و گران بەها کە هەمووی لە بەهەشتی زەویەوە دەرچووە"، ئەمەش

---

[1]. رنسيمان: ن م، ج١/ص ١٧٠- ١٧١.

[2]. د. خاشع المعاضيدي واخرون: ن م، ص٢٤.

بۆ خۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر عەقڵی کۆمەڵگا ئەوروپی، جگە لەوەی پاپا "اوریانی دووەم" لە وەصفی شامدا دەڵێت "ماستو هەنگوێنی تیا هەڵدەقوڵێ"[1]، هاوکات هەڵکەوتەی ئیستراتیجیو جوگرافیو بازرگانی ناوچەکە هۆکارێکی تر بوو بە هۆی بوونی بەندەرەکانی شامو دەریای ناوەڕاستو میسرو دەریای سوورو دەریای عەرەب بۆ هیند جگە لە کەنداوی فارس کە لە پەیوەندیە بازرگانیەکانی لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا گرنگی زۆریان هەبوو، هەروەها نەشونما کردنی شارە بازرگانیەکانی ئیتاڵیاو گەشەسەندنی بازرگانی لەگەڵ قوستەنتنیەو ڕۆژهەڵات کە گرنگترین بازنەی بازرگانی بوو لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا[2].

هەروەها هەوڵەکانی نورمان بۆ دەست بەسەراگرتنی دورگەی صقلیە لە ئەندەلس ساڵی (٤٧٨ ك/ ١٠٨٥ز)، ئەم فاکتەرانە زەمینەی ڕەخساند بۆ نەشونما کردنی شارە بازرگانیەکان ئیتاڵیا وەکو "بیزا، جنوە، بندقیە، امالفی" بە

---

[1]. مذکرات جوانفیل: القدیس لویس، ت- حسن حبشی، مصر، ١٩٦٨، ص١٠٥.

[2]. د. علیە الجنزوری: ن.م، ص ١٦٠.

شێوەیەك توانیان دەریای ناوەڕاست بە تایبەت بەشی ڕۆژئاوای کۆنترۆڵ بکەن[١] ، ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕووداوەکان تێبینی ئەوە دەکەین زۆربەی هەرە زۆری هەڵمەتەکان لە ڕێگای گەشتیەگەلە بازرگانیەکانی شارە کەنارییەکانی ئیتاڵیاوە ڕوویدەدا بە هەموو پێداویستیە جەنگیەکانەوە بەرامبەر بە لێخۆش بوونیان لە باجی بازاڕو ئوتێل و شوێنە بازرگانیەکان بۆ ئاسان کردنی کاروباری بازرگانی، لێرەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە هێرشی خاچیەکان لە سەرەتاوە هۆکاری ئابووری زاڵ بوو بە سەریدا، چونکە زۆربەی هێرش بەرە خاچیەکان لە پێناو ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس نەهاتوون بەڵکو بۆ گەڕان بە دوای پارەو دامەزراندنی میرنشینی نوێ، هاتبوون هەندێ جار ئەم ئامانجە دەبووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوانیانداو لە یادکردنی ئامانجی پیرۆزیان لە ڕزگارکردنی قودس، بەڵام کاریگەری ئابووری بە گەشتی وەك کاریگەریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بە پەرژینی ئایینی داپۆشرابوون.

---

[١] . عاشور: أوروبا في العصور الوسطى، ج٢/ص ٣١١- ٣١٣.

بەم شێوەیە وێنەیەکی ڕوونمان دەست دەکەوێت لە هۆکارە هاندەرەکانی بزووتنەوەی خاچیەکان، کە کۆمەڵێك فاکتەری تێکەڵ بە یەك هەبوو لە پشت هاتنی خاچیەکان بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات لە ژێر کۆمەڵێك بیانووی زۆر کە لە هەموو گرنگترو سەرەکی تر هۆکاری ئایینی بوو، ئەمەش ڕۆڵو کاریگەری پاپا دەردەخات لە ناو کۆمەڵگای ئەورووپادا بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە سیاسیەکانی لە ناو ئەورووپاو کۆنترۆڵ کردنی هەموو جیهانی مەسیحی بە "ئیستغلال" کردنی ئایینی مەسیح، هەروەها سەرهەڵدانی نورماندیەکانو کاریگەرییان لەسەر شارستانی، جگە لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای ئەورووپی لە ئامادەکردنی خەڵك کۆمەڵ بە کۆمەڵ بۆ دەرچوون بەرەو "فەردەوس- الجنه".

هاوکات دەرەبەگەکانو میرەکان کە بە دوای شوێنی تازە دەگەڕان بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیانو دروستکردنی میرنیشینی سیاسی تازە لە ناوچەکە، دوای ئەوەی ئەورووپا نەیتوانی ئاواتەکانیان بەدی بهێنێت بە تایبەت ژمارەیەکی زۆر جوتیارو کۆیلە لە کێڵگەکانیان دەژیانو پێداویستیان پڕ

نەدەکردەوە، بۆیە پێویستیان بە شوێنی نوێ هەبوو بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانەی کە تێی کەوتبوون، هەروەها شارە بازرگانیە نوێیەکان دەرکەوتن کە هەموو ئامانجەکانیان کۆنترۆڵ کردنی بازرگانی نێو دەوڵەتیو دەست بەسەراگرتنی هەموو دەروازەکانی بوو، سەرەڕای ئەوەی هۆکارەکان جیاوازو تێکەڵ بوون بەڵام لە پێناوی داگیر کردنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیو جێبەجی کردنی مەرامەکانیان هەموو هۆکارەکان یەکانگیر بوون.

گرنگی شەڕی خاچیەکان

شەڕی خاچیەکان کە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەی (١٠)ی زاینیدا دەستی پێکرد، لە سەدەی (١١) زاینیش پەرەی سەند بە لوتکەی زیندووکردنەوەی ئایینی دابنرێت، لە لایەکی ترەوە ئەم شەڕە بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا.

هاو چەرخەکان ئەم شەڕە بە "شەڕی پیرۆز" و "ڕێگای حەج کردنی" بۆ کلێسای دوا ڕۆژو "گۆڕی مەسیح"ی دادەنێن، ئەگەر ئەم شەڕە بە "شەڕی پیرۆز" دابنرێت دەبێ بەپێی

بنەماکانی سەردەمی خۆی شی بکرێتەوە، گیانی ئایینی بەسەر ئەو سەردەمەدا زاڵ بووە، بەپێی ئەمەش جیهانی کۆتایی دەسەلاتێکی ئایینیە، ئەمەش جگە لە شێوەیەك لە شێوەکانی ڕاستی هیچی تر نیە، وە ڕێگایەکی نوێیە بۆ ئاسمان، و دەبێت ئەم ڕێگەیە ببڕدرێت بۆ گەیشتن بە خۆشی تەواو لە پێناوی پاکردنەوەی مرۆڤ، هەروەها شەڕی خاچیەکان بە سیاسەتی دەرەوەی پاپا دادەنرێت کە هەڵگیرانی بیروباوەڕی مەسیحیەت ئاڕاستە دەکات بۆ ئەو شەڕە گەورانە دژی موسڵمانان.

ئەگەر شەڕی خاچیەکان ڕێگایەکی نوێ بێت بۆ پاکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ، ئەوا بەپێی ئەم واتایە ئەم جەنگانە بە بیروباوەڕی "تۆبەکردن" گرێ دراوە لەبەر ئەوەی بە سیاسەتی دەرەکی بۆ کلێسا دادەنرێتو شەڕی خاچیەکانیش گرێ دراوە بە پاکردنەوەی ئایینی، ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیو ئارەزووەکانی دەناسرێت بە ئاستی خودای لە سیستەمی سوارچاکیش، سەرەڕای بیرۆکەی حەج کردن بە کاریگەی بزووتنەوەی "کلوینە" کە لە سەدەی "١٠"ی زاینیدا دەستی پێکرد، بەمەش ڕێڕەوی خاچیەکان زیاتر بووەو

"بەیتولمەقدیس" بووە ئامانجی خاچیەکان کە دەبوایە بە کۆمەڵو بە شێوەیەکی یەکگرتوو بۆی بڕۆن لە پێناو پاراستنیان، ژمارەی ئەو حاجیانەی بە سەرکردایەتی سەرۆك "ئوسقفی ماتینر" لە ساڵی (٤٥٧ ك/ ١٠٦٤ ز) ڕوویان کردە قودس نزیکەی (٧) هەزار کەس دەبوون، بەم شێوەیەش دەتوانرێت شەڕی خاچیەکان بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی چاکسازی ئایینی دابنرێت بۆ سەربازە علمانیەکان، ئەگەر سوارچاك ئاڕاستە بکرێت بۆ بەرگری لەسەر ئەوەی کەوا ڕەوایە، ئەوا سوارچاکی بە "لوبی " شەڕی خاچیەکان دادەنرێت، ئەو سوارەی بەشداری شەڕی خاچیەکانی دەکات حەزو ئارەزووە جەنگیەکانی تێر دەبێت بە سەرپەرشتیو فەرمانی کلێسا، بەمەش پاکردنەوەی تەواو لە گوناهەکان وەردەگرێت، لە ڕاستیدا پرۆسەی خۆ بەخت کردن لە لایەن هەردوو لاوە لە کاتی شەڕەکان بارودۆخێکی بۆ خەڵکی ڕەخساند ئەوانەی بڕوایان وابوو هەرگیز ناگەنە جیهانی کۆتایی، تەنها بەو شەڕانە نەبێت کە لەسەر زەوی دەیکەن هەروەها ناگەنە بەرهەمو ئارەزووی خودا پەرستیو شەهیدی تەنها بە وەلامدانەوەی بۆ ئارەزووەکانی

سروشت نەبێت، سەرەڕای دوژمنایەتی کۆنی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە هەر بەردەوام بوو، بەڵام بە شێوەیەکی نادیارو لە ژێر پەردەوە ماوەی (١٠٠٠) ساڵی خایاند.

لەگەڵ کۆچکردنی پێغەمبەر "د.خ" ساڵی (١ ك/ ٦٢٢ز) وە تا ئابلۆقەی تورك بۆ شاری ڤینا لە ساڵی (١٠٩٥ ك/ ١٦٨٣ز) مەترسی داگیرکردنی ئیسلامەکان لەسەر ئەوروپا بەردەوام لەگوێی خەڵکی دەزرنگایەوە، لەم لایەنەش شەڕی خاچیەکان بە وەڵامدانەوەی ڕۆژئاوا دادەنرێت بەرامبەر گوشاری ڕۆژهەڵات، ئەمەش وای لە ڕۆژئاواکرد پەلاماری ڕۆژهەڵات بدات، و مەملەکەتێکی لاتینی مەسیحی لەسەر کەنارەکانی ئەسیا دابمەزرێنێت، شەڕی خاچیەکان هەستا بە پارێزگاری کردنی ئەوروپا لە دژی هێرشی موسڵمانەکان لەسەر دەستی تورکەکان دووبارە دەستی پێ کردەوە.

ئەمەش هەلێکی باش بوو لە بەرقەرار بوونی هێمنی و ئاشتی، لە ئەنجامدا شارەکانی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست بوون، پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە کاتی شەڕی خاچیەکان، بەشێوەیەکی دوژمنکارانە یا خراپ نەبووە،

بەڵکو بەیتو لمەقدیس مەڵبەندی بە یەك گەیشتنی هەردوو شارتانیەتەکەیە وە لەسەر ئەم زەویەش تەنها ڕۆژهەلات لە ڕۆژئاوا فێر نەبووە بەڵکو ئەوەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەلات فێر بووە زۆر زیاترە بووە، ئەو شارستانیەتەی لە سەدەی (١٣)زدا لە ئەوروپا سەری هەڵدا بە هۆکاری پارێزگاریو چاودێریو پشتگیری شەڕی خاچیەکان نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئەو کەرەستانەوە بوو کە بە هۆی شەڕی خاچیەکان لە ڕۆژهەلاتدا هێنایان.

بەشی دووەم

بەرپەرچدانەوەی مەترسی سەر جیهانی ئیسلامی

تەوەری یەکەم

ڕۆڵی عیمادەدین زەنگی لە شەڕی خاچیەکاندا

بە دەرکەوتنی عیمادەدین زەنگی دەسەلاتداری موسڵ، کە ئەتابەگی تورك بوو، سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات و تیایدا موسڵمانەکان سەردەکەون بەسەر خاچیەکاندا، عیمادەدین حوکمڕانی ناوچەیەکی دەکرد، کە لە حەلەب و حەران و موسڵ پێکهاتبوو، لە ناوچەی موسڵ دەوڵەتی زەنگی دامەزراند، لە ساڵی (٥٣٩ ك/ ١١٤٤ز) عیمادەدین شاری ڕەهای ڕزگارکرد لە دەست خاچیەکان، پاش ئەوەی کە حومص و حەما و حەلەب، گەلێك ناوچەی دیکەی شامی ڕزگارکرد[١]، بە ڕزگارکردنی ڕەها، عیمادەددین فەرمانی دەرکرد بە کۆتایی هێنان بە کوشتن و بڕین و داوای لە سەربازەکانی کرد، هەرچی سامان و ماڵی دانیشتوانی شارەکە هەیە بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان و هەموو

---

[١] د. سعید عبدالفتاح عاشور: ن.م، ج١/ ص٤٠٥. د. نورالدین حاطوم: تأریخ العصر الوسیط، دار الفکر، دمشق ج٢/ ص٨٣٧.

بەندەکانی ئازادکرد ، هەروەها بە مەسیحیەکانی ڕاگەیاند کە عیمادەدین زەنگی هاتووە بۆ ڕزگارکردنیان لە دەست فەرەنجەکان، نەك بۆ داگیرکردنیان و تالانی و کوشتن و بڕین.

ئەم هەڵوێستەی عیمادەدین وایکرد ، کە سوریەکان یارمەتی بدەن لە گرتنی ڕەهادا ، شکاندنی خاچیەکان لە ڕەها بووە هۆی ڕوودانی هێرشی دووەمی خاچیەکان بە سەرکردایەتی ئیمپراتۆریەتی فەرەنج و ئەڵمان و ئینگلیز، ئەم هێرشە لە سوارەی فەرەنج و ئەڵمان و ئینگلیز پێکهاتبوو، ئەم لەشکرە گەورەیە ، گەمارۆی دیمەشقیدا ، بەڵام بێ سوود بوو و هیچ ئەنجامێکی بە دەست نەهێنا ، دوای عیمادەدین زەنگی، نورەدین مەحمودی کوڕی دەسەڵاتی گرتە دەست و شاری حەلەبی کردە پایتەختی خۆی، لە ساڵی (٥٤٩ ك/ ١١٥٤ ز) نورەدین مەحمود پاشا شاری دیمەشقی بەبێ شەڕ ڕزگارکرد ، بە ڕزگارکردنی دیمەشق هیچ کۆسپێك نەما لە نێوان ناوچەی زەنگیەکان و قودسدا[1].

[1] . محمد ئەمین زەکی: ن م، ب٢/ ص٩٥. صالح قەفتان: ن م، ص٢٥٥.

تەوەری دووەم

ڕۆڵی نورەدین و سیاسەتی لە دژی خاچپەرستان

نورەدین مەحمود دوای کوژرانی باوکی، لەگەڵ (سەیفەدین غازی) برایدا دەوڵەتی ئەتابکی زەنگیان دابەشکرد، ئەوەبوو نوردەین حەلەبی بەرکەوت و سەیفەدینیش موسڵ، بارودۆخی نورەدین باش نەبوو لە حەلەب چونکە نزیك بوو لە میرنشینە خاچپەرستەکانی (ئەنتاکیا، تەرابلس)، جگە لە قەلاو پێگەکانی تری خاچپەرستەکان کە لەو ناوەدا دامەزرا بوون، بەمەش شاری حەلەب هەردەم ئامانجێك بوو لە هێرشی خاچپەرستەکان، بۆیە بۆ وەستان لە دژی خاچپەرستەکان نوردەین پێگەکانی خۆی بەهێزکرد، بۆ ئەم مەبەستەش چەند هەنگاوێکی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازی نا، بۆ سەرکەوتنی ئەم ئامانجەی چەند میرێك هاوکاریان کرد لەوانە (ئەسەدەدین شێرکۆ) و (نەجمەدین ئەیوبی) برای کە دەکاتە باوکی (سەلاحەددین ئەیوبی)، سیاسەتی نورەدین سێ شێوازی سەرەکی وەرگرت کە بریتی بوون لە:

١. بەرپەرچ دانەوەی خاچپەرستەکان.

٢. بە هێزکردنی بەرەی ڕووبەڕووبوونەوە.

٣. هێرشی کاتی[١].

ئەم سێ سیاسەتەش هەر یەکە تێکەڵو تەواوکەری ئەوەی تریانە، بۆیە لە سەرەتای فەرمانڕەوایدا بەرپەرچی هێرشی میری شاری ڕەهای دایەوەو دووبارە شارەکەی گرتەوە، دوای ماوەیەکی کەم بەرپەرچی هێرشی میری تەرابلسی دایەوەو لە ناوچەکە دەری کردن، هاوکات ئەسەددین شێرکۆ توانی هێرشیان بکاتەسەرو زۆر بە خراپی بیانشکێنیو تالاتەکەشیان لێ بسێنێتەوەو ژمارەیەکی زۆریشی لێ کوشتن[٢].

هاوکات هەڵمەتی دووەمی خاچیەکان بە فەرماندەی "کۆنراوی سێهەم" ئیمپراتۆری ئەڵمانیاو لویسی حەوتەم پاشای فەڕەنسا بۆسەر وڵاتی شام دەستی پێکردو بە لە شکرێکی (٥٠) هەزاری گەمارۆی دیمەشقیان دا، سەرکردەی سەربازی دیمەشق کە ناوی (ئانر) بوو داوای یارمەتی لە نوردەینو سیفەدین کرد، ئەوانیش وەڵامی داواکاریەکەیان دایەوەو بەڵێنی

---

[١]. د. خليل ابراهيم السامرائي وآخرون: تأريخ الدولة العربية الاسلامية في عصر العباسي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨، ص٣٢٠.

[٢]. د. خاشع المعاضيدي وآخرون: ن.م، ص٩٥.

هاوکاری کردنیان پێدا خاچیەکان کە زانیان دوچاری شەڕ دەبن لەگەڵ نوردەین و سیفەدین کشانەوەو وازیان لە دیمەشق هێنا، بەمەش هەڵمەتی دووهەمیش شکستی هێنا.

هەروەها نورەدین چەندین سیاسەتی دبلۆماسی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی یەکلابکاتەوەو لە هەموو بەرەکان شەڕنەکات کە ببێتە مایەی لاوازبوون و لە ناوچوونی، بۆیە هەستا بە چاك کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەلاجقەکانی ئاسیای بچووك، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ سیفەدینی برایدا بەست، و پەیمانی پێدان هێرش ناکاتە سەریان و پەیمانەکەشی بەجێ هێنا، هەروەها شاری سنجاریشی خستەسەر دەوڵەتەکەی خۆی، دوای ماوەیەکیش توانی دیمەشق کە ئەتابەکێکی سەربەخۆ بوو، بخاتە ژێر رکێفی خۆی، دوای بەکارهێنانی سیاسەتی جیاکاری و گرتن (فرق و تسد) لە نێوان فەرماندە سەربازی و سیاسیەکانی دیمەشق کە ببووە لاواز بوونیان، ئەمەش کار ئاسانی بوو بۆ نوردەین لە هێرش کردن بۆ

سەریان، بەم شێوەیە دەوڵەتەکەی فراوانترو بە هێزترکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خاچیەکان[1].

هەنگاوێکی زۆر گرنگی نورەدین گرتنی وڵاتی میسر بوو، ئەمەش لە ئەنجامی پەنا هێنانی "شاوەر سەعدی" وەزیری فاتمی بوو کە داوای لێکردبوو بیگەڕێنێتەوە پلەکەی خۆی کە وەزیر بوو لە خیلافەتی فاتمی، بەرامبەر هەر مەرجێك کە (نورەدین مەحمود) دایبنێت وەك خاکی میسرو ملکەچی بۆ فەرمانی (نوردەین)، ئەوە بوو نورەدین (ئەسەدەدین شێرکۆ)ی نارد بۆ وڵاتی میسرو توانی کارەکەی جێ بەجێ بکات، بەڵام (شاوەر) لە جیاتی بەجێ هێنانی پەیمانەکانی خاچیەکانی هێنایە سەر "ئەسەدەدین شێرکۆ"، دوای شەڕێکی گەورە ئەسەدەدین توانی خاچیەکان دوور بخاتەوە وە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی، بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتی نابەجێو چەوتی (شاوەر)و خاچیەکان بەرامبەر بە خەڵك، لەسەر فەرمانی (نورەدین) (ئەسەدەدین شێرکۆ) دووبارە هێرشی بردەسەر میسر، لە ئەنجامدا لە ساڵی (٥٦٤ك/ ١١٦٨ز) توانی تەواوی

---

[1] . د. خليل ابراهيم السامرائي وآخرون: ن.م، ص٣٢٢.

میسر بگرێ، سەلاحەددینی ئەیوبی برازاشی بەشداری گرنگی کردو هەر ئەویش (شاوەری سەعدی) کوشت[1]، ئەسەدەدین بوو بە وەزیر بەڵام دوای ماوەیەکی کورت (ئەسەدەدین) کۆچی دوای کردو سەلاحەدینی ئەیوبی برازای بوو بە وەزیر لە شوێنی ئەو، و توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی فاتمیەکان بهێنێتو خیلافەتی عەبباسی لە میسر ڕاگەیاند، بەم شێوەیە جیهانی ئیسلامی دووبارە بوویەوە یەکو بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بوو لە دژی خاچپەرستەکان[2].

تەوەری سێیەم

صلاح الدین ژیان و ئاکار و سیفاتی

سەلاحەددین، ناوی یوسف کوڕی ئەیوبی کوڕی شادییە ساڵی (٥٣٢ك/ ١١٣٧ز) لە قەڵای تکریت لە دایك بووە، ئەو کاتە باوکی دادوەری قەڵای ناوبراو بووە، بەڵام بە هۆی هاوکاری عیمادەدین زەنگی پەیوەندی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی

[1]. گۆڤاری هەزارمێرد: ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٨، سلێمانی، ص١٩٨.
[2]. د. خليل السامرائي وآخرون: ن.م، ص ٣٢٣.

تێکچوو، ناچار بەرەو موسڵ بەڕێکەوتن بۆ لای عیمادەدین زەنگی* خاوەن ئەتابەکی موسڵ[1]، زۆربەی مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکانی هەکاری ڕەوادی شارۆچکەی "دوین" لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئازەربیجان، لە ساڵی (٥٣٣ك/ ١١٣٨ز) عیمادەدین زەنگی شاری بەعلەبەکیدا** بە "ئەجمەددین ئەیوب"[2].

یوسف سەلاحەددین ساڵانی منداڵی لە شاری بەعلەبەك لەسەر دەریا بەسەر بردووە وەك منداڵی خانەدانەکانی ئەو سەردەمەی کورد چۆتە خوێندنگاو فێری نوسینو خوێندنەوەو ژمارە بووە،

---

*. دەگەڕێنەوە سەر "زەنگی بن اق سنقر بن عبدالله بن ال ترغان" لە هۆزی "ساب بو"ی تورکمانیو ناوبانگیان دەگەڕێنەوە بۆ باوکیان "قسیم الدولە" کە دەرگارانی سوڵتانی سەلجوقی ملکشاەو ڕۆڵی هەبوو لە ڕووداوە سیاسیو سەربازیەکانی ئەو دەوڵەتە، (بڕوانە: أبن الأثير: الباهر، ص٤، أبن خلكان، وفيات، ج١/ ص٣٢٧- ٣٢٩).

[1]. محمد امين زكي: تأريخ الدول والامارات الكوردية في العهد الاسلامي، ت- محمد علي عوني، م٢، مصر، ١٩٤٨، ص١٦٧.

**. شارێکی دێرینە (٧٢كم) لە دیمەشقەوە دوورە شوێنەواری کۆنی لێیەو خانووی سەیری تێدایە: (بڕوانە: ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص٤٥٣).

[2]. د. حسن محمد حسين: صەلاحەدینی ئەیوبی ژیاننامەی گەشترین، ت- عبدالرزاق بيمار، بغداد، ١٩٩٣، ص ٦- ٧.

جگە لە زانستی جیاوازی بیرکاری و نەبات و کیمیا و پزیشکی و یاسا و داستانەکانی جەنگاوەری ئەمەش لە بواری عەقل و زانست و تیۆریەوە رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ژیانی سەلاحەددین[1] بەڵام لە باری پراکتیکیشەوە فێری هەموو شێوازە جەنگاوەری و سەربازیەکانی سەردەمی خۆی کراوە لەوانە یاری "شەترەنج، شەڕە شیر، تیرە ئەندازی، زۆرانبازی، ڕمبازێنی سوارە و پیادە" سەلاحەددین بە لاوی فێری وەرزش کراو لە هەموویان زیاتر لە وەرزشی ڕاوشکاریدا لێهاتوو هەروەها هۆکی سەر ئەسپ کە هەتا دوا ساڵەکانی تەمەنی پەیڕەوی کردوون و پیشەی ڕاوشکاری زۆر پێ خۆش بووە، و لە ماوەی دەسەڵاتی لە ناوچەکە خەریکی ڕاوشکار بووە لە ناوچەی "جەزیرەی بۆتان، لوبنان، شام، قودس، میسر"[2].

سەلاحەددینی ئەیوبی کەسایەتیەکی دیموکرات بووە بە چەمکی ئەمڕو، بەردەوام هەوڵی داوە دڵی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، هاوکات زۆر ڕێزی لە فەرماندەو سەربازەکانی

---

[1] ج- کوردۆ: هێرشی خاج هەڵگران، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٦، ص ١٦.

[2] . السير هاملتون أ- ر- جب: صلاح الدين الايوبي، حورها يوسف ابيش، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص١١٨.

گرتووە، و ڕەفتاری زۆر چاك بووە لەگەڵیاندا، و نانی لەگەڵ خواردوونو لە خێوەت لەگەڵیان نوستووە، کەم دوو بووە، دیوانی کۆشکی زۆر بە هەیبەتو ڕێك بووە، زۆر ڕێزی لە ڕاوبۆچوونەکانو بڕیاری دیموکراتی ئەنجومەنەکەی گرتووە، پێش بڕیاردان لەسەر هەر شتێك کۆبوونەوەی لەگەڵ شارەزایانی ئەو کارەدا کردووە دواتر بڕیاری داوە[1]، ئەمانە هەموو لە کەسیەتی سەلاحەددین کۆبوونەوەو زەمینەیان بۆ ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی وەك بلیمەتێكو سەرکردەیەکی بێ وێنە لە مێژووی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستداو لای ئەورووپیەکان لە مێژووی خاچیەکان، ئەم سەرمایە گەورەیەی کە لە کەسایەتی سەلاحەددین بەدی دەکرا، هۆکار بوو لە دەستکەوتنی گەورەترین سەرکەوتنی سەربازیو پێش خستنی شارستانی ناوچەکەو دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئەیوبی کوردی لە ڕۆژهەلات لە نیوان سالانی (٥٦٧ك- ١١٧١ز/ ٦٤٨ك- ١٢٥٠ز) کە نزیکەی "٨١" هەشتاو یەك ساڵ فەرمانڕەوایی

[1] . ج- کوردۆ: ن.م، ص١٨- ٢٠.

ناوچەکەیان کردووەو سەرکردایەتی گەورەترین بەرەی ئیسلامیان کرد.

سەلاحەددین گەورەترین سوڵتانی ئەم ئیمپراتۆریەتە بوو لە ماوەی حوکمڕانیان لە ناوچەکانی (بەشێکی کوردستانو وڵاتی شامو فەلەستینو میسرو لوبنانو یەمەنو سودان)[1]، بێگومان لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا توانیان پەرە بدەن بە گشەی شارستانیەتو زانستو هونەرو بازرگانی ناوخۆو لەگەڵ ڕۆژئاوا بە تایبەت شارەکانی ئیتاڵیا، بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەکە لە ڕووی ئاسایشو هێمنیو دادپەروەری، و هەموو بوارەکانی ژیان لەو سەردەمەدا گەشەی سەند نەك تەنها لە ڕۆژهەڵات بەڵکو لە ڕۆژئاواشدا، زۆر یاساو بازاڕو بناغەی شارستانیو ئاوەدانی لە دەوڵەتی ئەیوبی کوردیەوە وەرگیراوە[2]، بۆیە دەتوانین بڵێین سەلاحەددینو بنەماڵەی ئەیوبی لە ماوەی فەرمانڕەوایان لە ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات بە گشتیو مێژووی

---

[1] . د. السيد الباز العريني: الشرق الادنى في العصور الوسطى "الايوبيون"، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٧، ص ٤٧- ٥٨.

[2] . ج- كوردۆ: ن.م، ص٢٢.

شەڕی خاچپەرەکان بە تایبەت کە نزیکەی "٢٠٠" دوو سەد ساڵی خایاند.

سەلاحەددین ژیانی دەبێتە دوو بەش، بەشی یەکەم تا تەمەنی "٢٦" ساڵی هیچ کارێکی ڕەسمی نەبوو جگە لە گەشت کردن لە نێوان دیمەشق و حەلەب، بەڵام بەشی دووەمی ژیانی پڕبوو لە سەروەری و ئازیەتی و بلیمەتی بێ وێنە و ماندوبوون و کاری جیدی و بیرکردنەوە لە کاری سیاسەت و جەنگ و جیهاد و پاراستنی پێگە و قەڵا و شارەکان لە بەرامبەر خاچپەرەکان و سەرپەشتی کردنی کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت، کە سنوری دەوڵەتەکەی زۆر فراوان بوو لە کوردستان بۆ وڵاتی شام و لە یەمەن بۆ میسر[1]، سەلاحەددین ساڵی (٥٤٦ك/ ١١٥٠ز) لە تەمەنی "١٤" ساڵی دەچێتە خزمەتی مامی "ئەسەدەددین شێرکۆ"* کە ئەوکاتە گەورەترین میرەکانی "نورەددین

[1]. أبن الأثير: الكامل في التأريخ، دار صادر، بيروت، ١٩٦٦، ج١١/ ص ٣٤٢.

* . ناوی "ملك المنصور" لە میرو فەرماندە گەورەکانی نورەددین مەحمود زەنگی بوو "حمص و رحبه" لە ژێر دەسەڵاتی بوو ماوەی (٩) هەفتە وەزیر بوو لە خەلافەتی فاتمی- بڕوانە- الحنبلی: شفاء القلوب، ص ٢٥- ٤٤.

مەحمود"** بوو لە وڵاتی شام، لەوێ لەگەڵ نوردەین مەحمود یەکتریان ناسی کە زۆرجار بە یەکەوە یاری هۆکی سەر ئەسپیان دەکرد، لە ساڵی (٥٥٢ك/ ١١٥٧ز) بوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی دیمەشق تا ساڵی (٥٥٩ك/ ١١٦٣ز)، بەشداری یەکەم هەڵمەتی سەر وڵاتی میسر کرد[١].

سەلاحەددین لە دوای مردنی نورەدین مەحمود خێزانەکەی هێناو ساڵی (٥٦٧ ك/ ١١٧١ز) گەڕایەوە بۆ میسر، (١٧) کوڕ ویەك کچی هەبوو، وە بۆ ماوەی یەك ساڵ خەریکی ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی وڵات بوو لە چاکردنی پێگەو قەڵاکان وەك یەدەکێك لە خۆ ئامادەکردن لە مەترسی هێرشو پەلاماری خاچیەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[٢].

** . نورەدین مەحمود- کوڕی عیمادەدین زەنگیە لە دوای مردنی بارکی فەرمانڕەوای باکووری شامی کرد ساڵی "٥٤١ك- ١١٤٦ز"ر توانی لە ساڵی "٥٤٩ك- ١١٥٤ز" ببێتە حاکمی دیمەشق هەروەها وڵاتی شامو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە لە دژی خاچیەکان تاکو مردنی ساڵی "٥٦٩ك- ١١٧٤ز" (بڕوانە: ابن خلکان: وفیات الاعیان، ص١٨٤).

[١] . جب: ن.م، ص١١٨.

[٢] . د. محسن محمد حسین: ن.م، ص٥٥.

ڕۆژهەڵاتناس "لین پول" باس لە سەرەتای ژیاننامەی سەلاحەددین دەکات لە کاتی وەرگرتنی پۆستی وەزارەت لە وڵاتی میسر لە ساڵی (٥٦٤ك/١١٦٦ز)، بەڵام بە چەند دێڕێك لە سەرەتای کتێبەکەی باسی دەکات، "ولین پول ولایونز" هیچ شتێکمان پێشکەش ناکەن لە پێدەنگی کۆمەڵگای هاوچەرخی سەلاحەددین کە قۆناغی هەرزەکاریە، بەڵام "اهرنکروتز" شیکردنەوەیەکی سەیرو جیاواز دەکات لە هەمان کاتدا بۆ بێدەنگی مێژوونوسان لە سەرەتای ژیاننامەی سەلاحەددین ئەویش دەڵێت "ئەم بێدەنگیەی مێژوونوسانو ڕۆژهەڵات بەرامبەر سەرەتاکانی ژیانی سەلاحەددین لەگەڵ ئەو وێنەی دوایی وەریگرتووە، چونکە ویستیان بە شێوەیەکی نموونەی پێشکەشی بکەن نەك بە کەمو کورتی گەنجیو هەرزەکاری[1]، سەلاحەددین لە کۆتای تەمەنی نەخۆشی زۆری پێ هێنا بە شێوەیەکی زۆر خراپ کە توانای هیچی نەبوو لە هەستانو گەڕانو ئەسپ سواری، سەر ئەنجام لە ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٤) کۆچی دوایی کرد.

---

[1]. ناصر عبدالرزاق عبدالرحمن: صلاح الدين الايوبي، رسالة ماجستير، ١٩٩٢، كلية الاداب، جامعة الموصل، ص٦٠-٧٥.

سەلاحەددین و شەڕی خاچپەرەکان

سەلاحەددین بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی ناوچەکەو دەست پێکردنی شەڕی خاچپەرەکان بە شێوەیەکی توندترو بە هێزترو ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس، هەستا بە پاك کردنەوەی ناوچەکە لە نەهێشتنی کۆسپ لە نێوان میسرو شامو ڕاکێشانیان بۆ شەڕی "حطین"، بەڵام پێش ئەو شەڕە تووشی شەڕی "رملە" هات کە بە هۆی هەڵەی سەربازەکانی لە گۆڕینی شوێنەکانیان تووشی ئەو شکستە هاتن کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر دەروونی موسڵمانان[1].

جگە لەم هۆکارە سەلاحەددین لە کاتی شەڕەکە دیار نەماو جەنگاوەران وایان زانیی کە کوژراوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ورەو دەروونی سوپاکە، هەروەها بوونی هەردوو تیپی خاچی "ئەسبتاریە*و داوییە" وە بە

---

[1]. أ- ب- هەوری: صلاح الدين الايوبي، مطبعة سلمان الاعظمي، بغداد، ١٩٦٧، ص ٥٢- ٥٣.

* . ئەسبتارية: دەزگایەکی ئاینیە لە شاری قودس دامەزرا لە سەرەتای دامەزراندنی مەملەکەتی خاچی لەوێ، وە ناوەکەیان لە کارەکەیان هاتووە کە تیمارکردنی بریندارەکانە بەڵام دواتر گۆڕا بۆ تیپێکی سەربازی کاریگەر لە ناوچەکە، (بڕوانە: رنسيمان: م.س.ج ١/ص ٢٤٩- ٢٥٠).

کارهێنانی شێوازی "ناکاوگیری- مباغتە" دژی موسڵمانان، هاوکات بڕینی ئازووقە لە هەموو سوپاکە، لە دوای ئەم جەنگە هەوڵەکانی سەلاحەددین بەردەوام بوو لە هێرش و پەلاماری خاچیەکان و ڕزگارکردنی پێگە و قەڵاکان لە دەستی خاچیەکان و ڕاکێشانیان بۆ دۆڵی "حەتین" بە شێوەیەك سوپای سەلاحەددین بە گیانێکی نوێ و ورەیەکی بەرزەوە چوونە ئەو شەڕە لە ساڵی (٥٨٣ ك/ ١١٨٧ز) بە هەمان دۆخی خاچیەکان لە ساڵی (٤٩٣ ك/ ١٠٩٩ز)[1]، بارودۆخ گۆڕا موسڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، چونکە لەسەر خاکی خۆیان شەڕیان دەکرد، هەردوو تیپی سواری "داوییە و ئەسبتاریە" لای "طبریة" ڕووبەڕووی سوارەکانی سەلاحەددین بوونەوە، لە "حەتین" خاچیەکان تووشی گەورەترین شکست هاتن بە دەستی سوپای ئەیوبی کە ژمارەیان نزیکەی "٢٠" هەزار دەبوو، ئەم شکستەی خاچیەکان لە ئاکامی هەڵەی خۆیان ڕوویدا چونکە ڕوویان کردە

[1] . رنسیمان: تأریخ الحروب الصلیبیة، دار الثقافة، بیروت، ١٩٦٩ ج ٣/ ص١٩- ٢٢، د. محسن محمد حسین: ن.م، ص٦٨- ٧٠.

دۆڵێکی لمی گەرم کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەم دۆڕاندنەیان[١].

ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی سەلاحەددین لە شەڕی "حەتین" لە (٤)ی تەمموزی ساڵی (٥٨٣ ك/ ١١٨٧ز)، دەرفەتی ڕەخساند بۆ کەوتنی پێگەو قەڵاو شارەکان بە دەستی سەلاحەددین لەوانە "عەککا، اللطرون، صیدا، بیروت" هەروەها فەرماندەکانی توانیان ناوچەکانی تر ڕزگار بکەن لەوانە "ناصرە، قیصریە، نابلس، یافا، عسقلان" و سەلاحەددین هێزەکانی کۆکردەوە بۆ بە دەست هێنانی ئامانجی هەرە گەورەی ئەویش شاری قودس بوو[٢]، بەمەش بەیتولمەقدیس کەوتە مەترسیەوەو بەرگری گەمارۆی دوو هەفتەی نەکرد لە (٢)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٥٨٣ ك/ ١١٨٧ز) بەیتولمەقدیس کەوتە دەستی موسڵمانان، بەم شێوەیە سەلاحەددین توانی بەیتولمەقدیس کۆنترۆڵ بکات دوای داگیرکردنی لە لایەن خاچیەکان لە هەڵمەتی یەکەمیان بۆ ڕۆژهەڵات ساڵی (٤٩٣

---

[١]. ارنست باركر: الحروب الصليبية، ت: د. السيد الباز العريني، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٠، ص٩٤.

[٢]. جب: ن.م، ص ١٤٨- ١٤٩.

ك/ ١٠٩٩ز)، لە ڕاستیدا کەوتنی بەیتولمەقدیس بەلایەکی گەورە بوو بۆ سەر خاچیەکانی ڕۆژهەلات و ئەورووپیەکان، بۆیە لە پێناو مانەوەیان لە ناوچەکەدا بانگەوازیان کرد بۆ هەلمەتێکی نوێ ئەویش هەلمەتی سێهەمی خاچیەکان[1].

بلاوبوونەوەی هەواڵی سەکەوتنی سەلاحەددین لە شەڕی "حەتین" و ڕزگارکردنی بەیتولمەقدیس ئەورووپای داگیرکرد بە شێوەیەك ترسی خستە دڵو دەروونی میرو پاشاکانی ئەورووپا، چونکە شکستێکی گەورە بوو بۆ سوپای خاچیەکان لە دەستدانی خاچی خاچان بە دەستی سەلاحەددین، هاوکات ڕووخاندنی گەورەترین گرنگرترین مەملەکەتی خاچی لە ڕۆژهەلات کە نزیکەی یەك سەدە هەوڵ چالاکیو ماندوبوونیان بە فیڕۆ چوو[2].

بارکر دەڵێت[3]:" کونراد مونتغرات" بەرپرسی یەکەمە لە هاتنی هەلمەتی سێهەمی خاچیەکان بە ناردنی وێنەی گۆڕی پیرۆز بە شێویەك سوارە موسڵمانەکان شێواندویانە کە

---

[1]. رنسیمان: ن.م،ج ٣/ص ٢٠- ٤٥.

[2]. د. محسن محمد حسین: ن.م، ص٩٦- ١٠٢.

[3]. ارنست بارکر: ن.م، ص١٠٩- ١١٢.

کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دڵو دەروونو هەستی ئایینی خاچپەرستەکانو خۆ ئامادەکردن بۆ گەورەترین هەڵمەت لە مێژووی بزووتنەوەی خاچپەرستەکان بە فەرماندەی "ئیمپراتۆری ئەڵمانی باربارۆسا" و "پاشای فەرەنسی فیلیب ئۆگستین" و "پاشای ئینگلیزی رتیشارد شێردڵ"* بە بەشداری کردنیان لەم هەڵمەتە شێوازێکی "علمانی" لەخۆ گرد چونکە باجی "عشر صلاح الدین"نیان فەرز کرد، بۆیە خەڵکێکی زۆر بەشداری ئەم هەڵمەتەیان کرد تا ئەو باجە نەدەن، علمانیەت وای کرد ئەم هەڵمەتە لە هەموو هەڵمەتەکانی تری خاچپەرستەکان گەورەتر بێت، لە هۆکارەکانی شکست هێنانی ئەم هەڵمەتە بوونی کێشەو ململانێ سیاسی نێوان "فیلیب ئۆگستینو رتیشارد شێردڵ"بوو کە هێنایانە ناو بزووتنەوەی خاچپەرستەکان، بۆیە دەتوانین لە چوارچێوەی یەك شێوە لە هێڵێکی شکاو کە ئاڕاستەکەی هەموو بۆ یەك سەنتەر بوو ئەویش عەککایە کە

---

* . ریتشارد شێردڵ: فەرمانڕەوای ئینگلترا بوو لە ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) لە دوای مردنی باوکی "پاشا هنری دووەم" کە لە ساڵانی (١١٥٨ز/ ١١٨٩ز) حوکمڕانی ئینگلترای دەکرد، زۆربەی ساڵانی حوکمی لە سەرکێشی سەربازی دەرەوە چێ لە هەڵمەتی خاچپەرستەکان لە ڕۆژهەڵات یان فەرەنسا.(بڕوانە: رنسیمان: ن م، ص٧٥- ٧٦).

گەمارۆکەی دوو ساڵی خایاندو لە خیانەتی "جای لوزجنان" دەستی پێ دەکات، ئازادکردنی قودس لە لایەن سەلاحەددین دوای شەڕی حەتین سێ سوپا بە دوو ڕێگای جیاواز هاتن لە پێناو ڕزگارکردنی شاری قودس، بەڵام ئەو ئامانجەیان نەپێکا کە لە پێناوی هاتبوون بەڵکو توانیان شاری عەککا داگیر بکەن[1].

هۆکاری شکستی ئەم هەڵمەتە ئەوە بوو جەنگاوەرە خاچپەرەکان توانای شەڕیان نەبوو چونکە فەرماندەکانیان لە ململانێی سیاسیدا بوون جگە لەوەی سوپای ئەیوبی لە ژێر سەکردایەتی گەورەترین سەرکردەدا بوو کە ئەویش سەلاحەددین بوو[2]، هەر چەندە ئەم هەڵمەتە شکستی خوارد بەڵام ئاکامی چاکی هەبوو ئەویش دانوساندنی نێوان سەلاحەددینو ریتشارد شێردڵ هەروەها دەرچوونی جلەوی بزووتنەوەی خاچپەرەکان لە دەستی پاپاو چوونە ناو چوارچێوەی پسپۆری دەوڵەتی مەدەنی علمانی لەسەر سیستەمی باج، هاوکات سەلاحەددین دەرگای دانوساندنو ڕێککەوتنی کردەوە هەروەها شێوازی دیبلوماسیەت

---

[1] . رنسیمان: ن.م،ج ٣/ص ٧٨.

[2] . ارنست بارکر: ن.م، ص ٨٩، رنسیمان: ن.م،ج ٣/ص ٤١.

لە جیاتی شەڕی پەیڕەو دەکرد و دەرئەنجامەکەی بە ڕێککەوتنی "رملە" لە (١)ی ئەیلولی ساڵی (٥٨٨ ك/ ١١٩٢ز) کۆتایی هات بۆ ماوەی سێ ساڵ، کە ببووە هۆی کردنەوەی دەروازەی دانوساندن و دیبلوماسیەت و ڕێککەوتن لە دوای سەلاحەددین[١].

سەلاحەددین وەك سیاسەتمەدار و جەنگاوەرێك

سەلاحەددین لە فراوانترین دەرگاوە چووە ناو جیهانی سیاسەت و جەنگ، چونکە ئەو سەردەمە پڕ بوو لە تەوژمی ترسی و چاودێری، جگە لەمەی پاڵتسی هێزەکان لە نێوان بەرەی ئیسلامی و خاچپەرستەکان ئامادەبوو بۆ هەموو ڕووداوێکی لە ناکاو، بە تایبەت بەرەی میسری فاتمی تووشی پشێوی و نائارامی لاوازی هاتبوو کە موسڵمانان و خاچپەرستەکان چاوەڕوانی ئەو دۆخە ئاڵۆزەیان دەکرد بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەو وڵاتە دەوڵەمەندە لە ڕووی مادی و مرۆیی و ڕاکێشانی بۆ ناو چەند بەرەیەك لە شام.

---

[١]. رنسیمان: ن.م، ج٣/ ٩٦ص، بلرکر: ن.م، ص ١١٨- ١١٩.

Description

بسم الله الرحمن الرحیم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن "ئوسامە زەندی"
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

ڕۆژهەڵاتناس جب[1]، دەڵێت "هاتنی سەلاحەددین بۆ ناو کاری سیاسی تەنها ڕووداوێکی ئاسایی و ڕێبوار نەبووە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵکو یەکێکە لە ساتە هەرە بە نرخ و بێ وێنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی" تا لەم کاتانەدا بارودۆخ ڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی سەلاحەددین، ئەویش بە هاتنی لەگەڵ "ئەسەدەدین شێرکۆ"ی مامی و ناسینی "نورەدین مەحمود" لە تەمەنی "٢٦" ساڵی و سەرهەڵدانی کێشەی کەسایەتی میسری "شاور"* و پەنا هێنانی بۆ لای "نورەدین مەحمود" و ڕزگارکردنی لەو قەیرانە بەرامبەر بە دانی سێیەکی داهاتی میسر بۆ "نورەدین مەحمود" و دەبێتە جێگری لە میسر، نورەدین بە تواناترین فەرماندەکانی ڕەوانەی میسر کرد ئەویش "ئەسەدەدین شێرکۆ"ی مامی سەلاحەددین بوو بەمەش چاکترین دەرفەت ڕەخسا بۆ سەلاحەددین و ئەگەر بێت و

---

[1]. جب: ن.م، ص ١١٧- ١١٨.

*. "شاور بن مجير السعدي" دواوە زیری خەلافەتی فاتمی بوو لە نێو ساڵانی (٥٥٨ك- ٥٦٤ك/ ١١٦٣ز- ١١٦٩ز)، لە خزمەتی وەزیری فاتمی "طلائع بن رزيك" والی میسر بوو بەڵام لە دوای مردنی ناوبراو "شاور" هەڵگڕاوە لە جێگرەکەی و ببووە وەزیر لە شوێنی. (بڕوانە: ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج ٢/ص ٤٣٩- ٤٤٣).

سەلاحەددین لە ئاستی ئەو دۆخە نەبێت ئەوا دەرفەتەکەی لە دەست دەچێت[1].

سەلاحەددین لە هەڵمەتەکانی یەکەمی بۆ سەر میسر لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆی مامی ڕۆڵێکی گرنگی نەبوو بەڵکو لاوەکی بوو، بەڵام لە جاری سێهەم کە بانگێشتی "شێرکۆ"کرا لە لایەن خەلیفەی فاتمی "العاضد" بۆ وڵاتی میسر، سەلاحەددین بە ویستی خۆی نەڕۆیشت بەڵکو بە زۆرو لەسەر بریاری "نورەدین مەحمود" چوو بۆ هاوڕیەتی شێرکۆ، سەلاحەددین لەم گەشتەیدا بەرنامەی دەست بەسەراگرتنی "شاور"و وە لە سێدارەدانی بوو لەسەر فەرمانی خەلیفە چونکە خاچپەرەکانی هێنا بووە سەریان، بەمەش شێرکۆ ببووە وەزیر لە خیلافەتی فاتمی، بەڵام شێرکۆ دوای تەواوکردنی "٩" هەفتە لە پۆستە نوێیەکەی کۆچی دوای کرد، بەمەش سەلاحەددین لە بەرواری (٢٦) ئازاری ساڵی (٥٦٥ ك/ ١١٦٩ز) بە نازناوی "الملك الناصر"، لە شوێنی ئەو بووە وەزیر سەرەڕای قایل نەبوونی تورکەکانی "نورەدین مەحمود" بەم کارەو گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی شام[2].

---

[1]. رنسیمان: ن.م، ج٢/ ٦٤٣ص، د. محسن محمد حسین: ن.م، ص ٣٥- ٣٦.

[2]. جب: ن.م، ص١١٩.

سەلاحەددین ملکەچی خۆی لە وتاری هەینیدا بۆ خیلافەتی عەبباسی ڕاگەیاند، هەرچەندە لاواز بوو بوون بەدەستی سەلاجقەکان، هەروەها نەهێشتنی مەترسی سەرەکی لە سوپای میسری کە پێکهاتبوو لە چەند تیپێکی سوارە سپیەکانو نزیکەی "٣٠٠٠٠" سی هەزار پیادە لە سودانیەکان بە دروستکردنی سوپایەکی تایبەت لەسەر حسابی ئەفسەرە میسریەکانی وە لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕەشت پیستەکان توانی دەست بەسەریدا بگرێت لە قاهیرە دەریکردن بۆ ناوچەی "صعید" چونکە ئەوەندەی هێزی هەبوو کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە[1]، بەڵام هێزە سپیەکان هاوکاری سەلاحەددینیان کرد لە دژی هێرشی "عموری یەکەم" لە کاتی هێرشی بۆ سەر شاری دمیاط لە ساڵی (٥٦٥ ك/ ١١٦٩ز)، و لە پەلاماری "غزە"و دەست بەراگرتنی "ایلە" لە کانونی یەکەم ساڵی (٥٦٦ ك/ ١١٧٠ز)[2].

---

[1]. جب: ن.م، ص١٢٠.

[2]. ارنست بارکر: ن.م، ص٩٩- ١٠٠.

"نورەدین مەحمود" پەلەی دەکرد لە سەلاحەددین بۆ وەرگرتنی هەنگاوێکی کۆتایی، ئەویش ئیعلان کردنی خیلافەتی عەبباسی بوو لە میسر، دوای ماوەیەکی زۆر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٥٦٧ ك/ ١١٧١ز) بە فەرمانێکی ڕەسمی ئاگاداری کردەوە بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکەی و خیلافەتی عەبباسی لێ ئاگادار کردەوە، سەلاحەددین بێ ڕوودانی هیچ کێشەیەك فەرمانەکەی جێبەجێ کرد، لە دوای مردنی "عاضد" پاشماوەی نێرو مێی بنەماڵەکەیانی جیا کردەوە، بەمەش فاتمیەکان وەچەیان نەماو بنبڕ بوونو لەناو چوون، دوا بە دوای ئەم ڕووداوە هەستان بە دابەشکردنی سەروەتو سامانی فاتمیەکان لە کۆشکی خیلافەت لە نێوان دارو دەستەی سەلاحەددینو نورەدینو پەیوەندی نێوان نورەدینو سەلاحەددین تا ئەوکاتە چاك بوو[1]، بەڵام وردە وردە ڕووی لە ئاڵوزیو تێکچوونی دەکرد بە تایبەت لە کاتی کشانەوەی هەڵمەتەکەی بۆ سەر پێگەی شوبك لە تشرینی یەکەم ساڵی (٥٦٧ ك/ ١١٧١ز).

---

[1]. وليم الصوري: الحروب الصليبية، ت- حسن حبشي، ج٤، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٩٥، ص ١١١- ١١٣، جب، ن م، ص١٢٠- ١٢١.

جب[1] دەڵێت "ڕەنگە هۆی ئاڵۆزی پەیوەندی نێوانیان بۆ جیاوازی بیروڕا سیاسیەکانیان بگەڕێتەوە، چونکە نورەدین وڵاتی شامی بە خاکی سەرەکی شەڕی خاچیەکان دا دەناو میسری وەك داهاتێك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی جەنگ لە لایەك و سوود وەرگرتن لە هێزە مرۆیەکانی لە لایەکی ترەوە سەیر دەکرد، تێڕوانینی سەلاحەددین لەو دۆخە پاراستنی خاکی میسر لە مەترسی پاشماوەی فاتمیەکان لە ناوخۆو سەقامگیر بوونی ئاسایش لە وڵات و دروستکردنی سوپایەکی بە هێز" بوو لە ڕاستیدا سەلاحەددین لە نورەدین وردترو بە ئاگاتر بوو لە مەترسی پاشماوەی فاتمیەکان، چونکە ئامادەبوون بۆ هاریکاری خاچیەکان لە دژی موسڵمان، بەڵام مردنی نورەدین لە (١٥)ی ئایاری ساڵی (٥٧٠ ك/ ١١٧٤ز) کۆتایی بە کێشەکان هێنا لەگەڵ سەلاحەددین.

هەرچەندە هەندێ کێشە لەسەر دەسەڵاتی شام سەری هەڵدا، بەڵام سەلاحەددین بە لێهاتووی خۆی توانی بارودۆخی سیاسی و سەربازی ڕاگرێت و وڵاتی میسرو ناوچەی شام کۆنترۆڵ

---

[1] . جب: ن.م، ص١٢١- ١٢٢.

بکات[1]، سەرەڕای پەنابردنی هەندێ لە میرەکانی شام بۆ خۆبەختەکانی حشاشین*ی "سنانی شێخ الجبل" بۆ کوشتنی سەلاحەددین، و واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ ریموند خاوەنی تەرابلس، سەلاحەددین لە پەلاماردانی ناوچەی ئەسماعیلیەکان لە چیای "سماق" تۆڵەی لە حشاشین سەند، هاوکات هەوڵەکانی حشاشین بۆ کوشتنی سەلاحەددین بەردەوام بوو بەڵام بێ ئاکام بوو[2]

---

[1]. د. محسن محمد حسین: ن.م، ص٤١.

* بزوتنەوەیەکی شیعیە خۆیان دەگێڕنەوە سەر "اسماعیل بن الامام الصادق" بەڵام چالاکی سیاسیان لەسەر دەستی "حسن بن صباح" لە شاری قمم دەرکەوت کاتێك قەڵای "الموت" یان داگیرکرد ساڵی "٤٨٣ك- ١٠٩٠ز"، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە هاوپەیمانی دژی موسڵمانان و تیرۆرکردنی زۆر لەسەرکردە موسڵمانەکان جگە لەم ناوە پێیان دەوترا "الاسماعیلیة، الباطنیة" (بڕوانە: عاشور: الحرکة الصلیبیة، القاهرة، ١٩٦٣، ج١/ص ٤٥).

[2]. جب: ن.م، ص١٢٦، د. محسن محمد حسین: ن.م، ص٤٦.

باسی چوارەم:

جیهاد لە دید و کرداری سەلاحەددیندا

بێگومان کۆنترۆڵ کردنی ئەم وڵاتە ئیسلامییانەو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ مصر، بەهەنگاوێکی ستراتیژی زۆر گەورە دەژمێردرێ لە پێناوی یەکێتیو یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا، کە سەلاحەددین هەوڵی دڵکاری بۆ دەدا بەمەبەستی زەمینە ڕەخساندن بۆ قۆناغی دووەم، ئەویش جیهاد بوو لە دژی خاچ دروشمەکان کە دوژمنی سەرەکی موسڵمانانن[1]، دەوڵەتی ئەیوبی لە سەرەتای دروست بوونیەوە پێویستی بە هێزێکی جەنگی هەبوو پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی نەیارو دوژمنەکانی ببێتەوە، و ئامانجە ستراتیژیەکانی پێ جێبەجێ بکات، ئەوە بوو سەلاحەددین پەنای بردە بەر جیهاد کردن لە پێناوی خودادا[2]، چونکە پێویستی یەکی ئایینی یە و لەسەر هەموو موسڵمانان ئەرکە و قورئانی

---

١ ابن دقماق: الجوهر الثمين في سيرة الملوك والسلاطين، ج٢/ ص١٦. سبط أبن الجوزي: ن م، ج٨/ ص٤٢٨، يوسف، الوحدة وحركات اليقظة العربية أبان العدوان الصليبي، ج٤/ ص٢٧-٢٨.

٢ أبن شداد: ن م، ص٢٨" الدواداري: كنز الدرر، ج٧/ ص١٠٠.

پیرۆز فەرمانی پێکردووەو لەفەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)دا جەختی لەسەر کراوە، ئەمەش ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو موسڵمانێك کە توانای هەبێت بەلەش جیهاد لە پێناوی خودادا بکات[1].

هەربۆیە سەلاحەددینو گوتار بێژەکانی ئەوەیان بەبیری خەڵکیو جەنگاوەرەکاندا دەهێنایەوە، کە هەر کەس لە ڕێگای خودادا بکوژرێت شوێنی بەهەشتە[2]، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ﴾[3]، بێگومان شەهید بوونیش ئاواتی بەرزی موسڵمانە خۆبەخت کەرەکان بوو، بۆ بەدیهێنانی یەك لەو دوو ئامانجە، کەسەرکەوتن یان شەهید بوون بوو. لە ڕاستیدا ئەو دروشمە هۆکارو پاڵنەرێکی دەروونیی گەورە بوو بۆ سەربازانی

---

١ هموندی: پوختەی فقهی شەریعەت، ص ٦٠٥-٦٠٦ .

٢ سبط أبن الجوزي: ن م، ج٨/ ص٣٣٣، الحنبلي: شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، ص٩٠.

٣ واتە (خودا گیانو سامانی باوەڕدارانی کڕیووەو لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە). (سورەتی تەوبە، ئایەتی ١١١، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

سەلاحەددین تا لەگەڵ دوژمندا بەڕاستی بجەنگن[1] ، هەروەها وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە :﴿وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾[2] ، ئەم بڕوایە وەی جەنگاوەرەکانی بەرز دەکردەوەو هانی دەدان بەردەوام ئامادەبن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خاچ دروشمەکان.

کەواتە بەرزکردنەوەی دروشمی جیهاد ڕێبازێکی ستراتیژی سەلاحەددین بوو، لە جەنگەکانیدا لەگەڵ نەیارانیدا بەگشتیو خاچ دروشمەکان بەتایبەتی، بۆ نموونە: قازی (أبن شداد) باس لە سەلماندنی ئەو ڕاستەیە دەکاتو دەڵێت: "دوای گرتنی قەلای (کوکب)[3] لە (١٥)ی ذی القعدە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٩ز)دا پشووی بە لەشکرەکانیدا و هێزەکانی

---

١ الدواداري: ن.م، ج٧/ ص١٠٤ ، أبن خلدون: تأريخ أبن خلدون، ج٥/ ص٣٢١، تلمسچي: صلاح الدين الايوبي،ص٣٩٠.

٢ واتە (ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بە مردویان حساب بکەن" هەر زیندوون خودا بژێویان دەداتێ") (سورەتی ال عمران، ئایەتی ١٦٩ ، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

٣ کوکب: قەلایەکی بەهێز بوو لە باشووری دەریاچەی (طبرية) لەسەر تەو چیایەی کە بەتەنیشت شاری (طبرية) ، دەڕوانێتە دۆڵی (الاردن) ، سوڵتان سەلاحەددین ڕزگاری کرد، پاشان وێران کرا. (یاقوت الحموي: ن.م، مج٤/ ص١٦٣).

مصر بەسەرکردایەتی (الملك العادل)[1]ی برای بۆ گەڕانەوە ئامادە کرد. سوڵتان بڕیاری‌دا لەگەڵیاندا بڕوات تا (عسقلان)[2] و لەوێ مالئاواییان لێ بکات و خۆی لەکەناری دەریاوە بگەڕێتەوە بۆ (عکا) و سەر لە هەموو ناوچەکانی کەناری دەریا بدا و کاروباریان ڕێك بخات، داوایان لێکرد وانەکات، چونکە ژمارەیەکی کەم سەربازی لەگەڵدا دەمێنێتەوەو خاچ دروشمەکان

---

١ (الملك العادل) لە ساڵی (٥٤٠ك/١١٤٥ز) لە شاری دیمەشق لە دایك بووە، پیاوێکی دادپەروەرو خانەدان بووە، ڕاوبۆچوونی لەجێگای خۆی بووە، لەگەڵ مامی (أسد الدين شێرکۆ)و سەلاحەددینی برای گەیشتە وڵاتی مصر، جێگری سوڵتان بوو و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی وڵاتی شامی کرد، لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. (أبو شامة: الذيل على الروضتين، ص١١، أبن خلكان: ن.م، ج٢/ ص٧٤-٧٩).

٢ (عسقلان) شارێکە لە خواروی فەلەستین لە کەناری دەریای نێوان (غزەو بيت جبرين)، هەروەها پێی دەڵێن بووکی شام لە جوانی‌دا، خاچ دروشمەکان لە ساڵی (٥٤٨ك/١١٥٣ز) دەستیان بەسەریدا گرت، بەڵام سوڵتان سەلاحەددین توانی لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) ڕزگاری بکات، پاشان لە ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) بڕیاری تێکدان و وێرانکردنی‌دا لە ترسی داگیرکردنی لەلایەن خاچ دروشمەکان. (أبن عبدالحق: مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع، ج٢/ ص٩٤٠، أبن الفرات: تاريخ أبن الفرات، مج٢ ج٢/ ص٢٩، المقريزي: السلوك، ج١/ ص١٧٥).

هەموو لە شاری (صور)[١] کۆبوونەتەوە ئەوەك پەیمان بشکێنن، بەلام سوڵتان گوێی نەدایەو ڕۆیشتە (عسقلان)و ماڵئاوایی لە (الملك العادل)ی برای کرد، بەکەناری دەریادا بەرەو شاری (عکا) گەڕایەوە، ئەم کاتە زستان بوو، دەریا شەپۆلی گەورەی وەکو چیا بەرز دەبووەوە. کاتێك من بیرو خەیاڵم لەسەر ئەمە بوو، سەلاحەددین ئاوڕی لێدامەوە گوتی: "شتێکم لە دڵدایە پێت دەڵێم: هەرکاتێك خوای گەورە ڕزگارکردنی کەناری دەریاکانی بۆ ئاسان کردم، کاریەدەست بۆ وڵات دادەنێم، وەسیەتیان بۆ دەکەم،و ماڵئاواییان لێدەکەم،و سواری ئەم دەریایە دەبم بەشوێن داگیرکەراندا دەگەڕێم، بەدوایان دەکەوم، تاکو یەك بێ باوەڕ لەسەر ڕووی زەوی ناهێڵم یان لەم ڕێگایەدا دەمرم،.. ئەم قسەیە لەلام زۆر گەورە بوو"، پاشان (أبن شداد) بە سەلاحەددینی گوتووە: "سوڵتان نابێ خۆیو سەربازەکانی تووشی ئەم زەحمەتە بکاتو لەم دەریایە بدات، چونکە ئەم

---

١ (صور) شارێکی کۆنو بەناوبانگە، دەکەوێتە سەر دەریای شام لە باشووری بەیروت لە لوبنان، یەکێکە لە (ثغوری)ەکانی موسلمانان، چۆتە ناو دەریا، بە ئاسانی دوژمنان پێی نەدەگەیشتن، چونکە چواردەوری دەریا بوو. (ناصر خسرو: ن.م، ص٥٠، أبن عبد الحق: ن.م، ج٢/ ص٨٥٦).

سەربازانە قەڵغانی ئیسلامن، لەوەڵامدا گوتوویەتی: من ڕای تۆ وەردەگرم، کام مردنیان بەڕێزە؟ وتم: بێگومان مردن لە ڕێی خودادا، وتی: ئامانجی من لەم هەموو خەباتو ماندوو بوونەم لە جەنگدا ئەوەیە کە بە بەڕێزترین مردن بمرم". [1] لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سوڵتان سەلاحەددین هەموو کارو چالاکیو ماندوو بوونی جیهاد بووە لە پێناو خودادا.

سەلاحەددین لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنەکانیدا بەمەبەست دروشمی (شەڕ لە پێناوی خوادا) یان (کارکردن لەپێناوی ڕزگارکردنی قودسی) بەرز دەکردەوە کە پێشتر باسمان لێوە کرد[2]، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ[3]﴾، ئەمەش وەك هۆکارێکی دەروونی کاریگەر بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە شام و بێ هیچ نەیارێك فەرمانڕەوایی بکات، چونکە بەبێ ڕاگەیاندنی ئەو دروشمە و بەبێ بەکارهێنانی ئەو

---

١ النوادر السلطانية، ص٢٩-٣٠.

٢ ايليسيف: ن.م، ص٤٤٧، يوسف: العرب والروم واللاتين، ج١/ ص٩٥، مصطفى: م.س، ص١٥٧.

٣ واتە (بەدڵو داو- وەك پێویستە – لەڕێی خودا بچنە خەزا). (سورەتی حەج، ئایەتی ٧٨، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار).

شێوازە تاکتیکیە دەروونییە و ئاگادار کردنەوەی لایەنە بەرپرسەکان بەوەی مەبەستیەتی دەنگەکان یەك بخات بۆ شەڕ کردن لەگەڵ خاچ دروشمەکان و ڕزگارکردنی قودس، نەیدەتوانی بەنووکی ڕم نەبێت بچێتە شامەوە، ئەگەر بشچووایە نەیدەتوانی تیایدا بمێنێتەوە[1]، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی بەرهەڵستەیەکی توند دەبووەوە، بەڵام سەلاحەددین زانی چۆن ڕەفتار بکات و چ پیلانێکی تاکتیکی بگرێتە بەر.

ئەوەی سەلاحەددین چاوەڕێی دەکردو هیوای بۆدەخواست داواکردنی بوو لەلایەن خەڵکی شامەوە،[2] ئەمەش بۆی بوو بە باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی دەست لەکاروباری وڵاتیان وەربدات، ئەوە بوو ساتێك دوا نەکەوت، بەڵکو پەلەی کرد لەڕۆیشتن، و مصری بەجێ هێشت و گەیشتە (بصری)[3] میرەکەی پێشوازیەکی گەرمی لێکردو پاشان ڕووی لە دیمەشق کرد لە

---

١ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٢٥٢، مصطفى: ن م، ص١٥٣.

٢ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٢٥٢، ابو شامة: الروضتين،ج١/ ص٢٣٦، ابن العديم: زبدة الحلب، ج٣/ ص١٥-١٨، ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ص٣٧٥، قەفتان: م س، ص٢٢٨.

٣ بصرى: شارێكە لە وڵاتی شام سەر بەدیمەشقە. (ياقوت الحموي: م س، ج١/ ص٣٤٨).

مانگی (ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٧٠ك/١١٧٤ز) گەیشتە ناو دیمەشق و چووە ناو خانووی باوکی کە بە (العقیقی)[1] ناسراوە، تاوەکو قەلاکەیان دایە دەستی[2]. پاش ئەوەی سەلاحەددین کۆتایی بە ڕزگارکردنی دیمەشق هێنا، کاروباری ئەم شارەی ڕێکخستەوە کەلەپێشدا خراپیان کردبوو، ئینجا دایە دەست براکەی (سیف الاسلام طغتکین)[3].

هەروەها هاوەڵیکردنی زانایان و سۆفیەکان بۆ سەلاحەددین لە کاتی ڕزگار کردنی (بیت المقدس)دا ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) کە خەڵکیان هان دەدا بۆ جیهاد کردن و حەماسەتی خەڵکیان بەرز دەکردەوە، و مژدەی سەرکەوتنی

---

١ العقیقی: شوێنی (العقیقی) ئەمڕۆ لە (باب البرید) لە خانەی کتێبی (الظاهریة) لە دیمەشق. (مصطفی: م.س، ص١٥٨).

٢ ابن الآثیر: الکامل، ج٧/ ص٢٥١-٢٥٢، ابن واصل: ن.م، ج٢/ ص٢٠، المعاضیدي: م.س، ص١٥٩.

٣ سیف الاسلام طغتکین: کوڕی (أیوب بن شادی)ە، نازناوی (الملك العزیز) بوو، پیاوێکی تازاو ژیر بوو هاوکات ئەدیب بوو، سوڵتان سەلاحەددینی برای بۆ وڵاتی (الیمن)ی ڕەوانە کرد، لە ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) چووە شاری (مکە)، پاشان هەموو (الیمن)ی کۆنترۆڵ کرد. (الخزرجي: العقود اللؤلؤیة، ج١/ ص٢٩، أبن خلکان: ن.م، ج١/ ص٢٣٧، المقریزي: السلوك، ج١/ ص١٦٨، الزرکلي: م.س، ج٣/ ص٢٧٧).

نزیکیان بە خەڵك دەدا کە نزیکەی (٨٨) ساڵ بەدەستی خاچ دروشمەکانەوە دیل بووە کە لە ساڵی (٤٩٢ك/١٠٩٨ز) دەستیان بەسەری داگرتبوو، لەم بارەیەوە (أبن شداد) دەڵێت: "سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، خەڵکێکی زۆر لە ئەهلی زانستو پەیڕەوکەرانی تەریقەت کاتێك بیستیان کە خوای گەورە لەسەر دەستی سوڵتاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لە کەنارەکان و قودس دا بە سوپاسگوزاری و نزاو پاڕانەوە بۆ ئەو سەرکەوتنە بەرز بووبۆوە"[1].

لەو زانایانەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە وشیار کردنەوەی خەڵکی بۆ جیهادو بەرز کردنەوەی ورەیان بۆ ڕزگار کردنی وڵاتی شام بینی (الحسين بن عبدالله بن رواحة الانصاري)[2] (ت٥٨٥ك/١١٨٩ز) یەکێکە لەو زانا بەناو بانگانەی کە شان بەشانی سەریازانی ئیسلام دژی دوژمنان دەجەنگان و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە کۆڕی ڕێنماییە ئاینییەکانو وەلامدانەوەی

---

١ النوادر السلطانية، ص١٨٢.

٢ الحسين بن عبدالله بن رواحه الانصاری: لە سالی ٥١٥ك/١١٢١ز لە دایك بووە باوکی وتاریخژی حماه بوو، ماوەیەك بە دیلی لای خاچ دروشمەکان مایەوە، لە سالی ٥٨٥ك/١١٨٩ز لە شەڕی عکا کوژرا.(الکتبی: فوات الوفیات، مج١/ص٣٧٦-٣٧٧).

خەڵکی و خەڵك خستنە سەر ڕێگای ڕاست و بانگەشەیان بۆ جیهاد کردن و بەرز کردنەوەی ورەیان دەکرد، کە لەشەڕی خاچ دروشمەکان شەهید بوو[١].

خۆ ئامادەکردنی دەروونی و هێرشی راگەیاندن بۆ یەکخستنی هێزە ئیسلامیەکان و جیهاد کردن کارێکی سانا نەبوو، گیانی خۆ بەدەستەوە دان و دووبەرەکی زۆر بەر بڵاو بوو بەتایبەت لە نێو بەرپرسە ناوخۆییەکاندا، بەڵام لێهاتوویی و دڵسۆزی وای کرد کە خەڵك وشیار بکاتەوە و ڕای گشتی فشار بخاتە سەر بەرپرسە ناوخۆییەکان. سەلاحەددین هەوڵی دەدا بزوتنەوەی جیهادی بۆ ڕزگار بوون فراوان بکات و هەموو جیهانی ئیسلامی تێیدا بەشدار بێت[٢]، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵی مزگەوتەکان لە یاخود ڕۆڵی گەورەیان گیرا، چونکە مزگەوت لە ڕۆژانی هەینیدا شوێنی گوتار بێژی بوو، لەکاتی نائاساییدا خەڵکیان بۆ گوێگرتن لەو گوتارانەی کە بەو بۆنەیەوە دەدرا کۆدەکردەوە، وەکو ئەوەی لە دوای مردنی (الملك الصالح

---

١ الصفدي:الوافي بالوفيات، ج١/ ص٣٧٦.

٢ الجنحاني: حطين رمز الوحدة والتحرر، مجلة المؤرخ العربي، العدد (٣٩)، السنة ١٥، ١٩٨٩، ص١٨٠.

أسماعیل) ساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) و جوڵەی خاچ دروشمەکان لە (دمیاط) کەدەیانوویست دەست بەسەر مصردا بگرن، لەسەربازەکانەوە نوسراوێك لەو بارەیەوە بۆ قاهیرە چوو و لەمینبەری مزگەوت خوێنرایەوە کە بەم ئایەتە دەستی پێ دەکرد: ﴿انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾[1] ئەو نوسراوە ڕێنمایی و ئامۆژگاری زۆری تێدا بوو کە هانی خەڵکی دەدا بۆ جیهاد لە پێناوی خودا و بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی مصرو قاهیرە دەست بەگریان و باوکەڕۆ بکەن، و خۆیان پێ نەگیراو ژمارەیەکی زۆریان بۆ جیهاد کردن دەرچوون[2]. هەندێك جاریش گوتار لە مزگەوتەکاندا نەدەخوێنرایەوە ئەمەش بەگوێرەی پێویست بوو، (أبن شداد) لە وەسفی شەڕی (عکا)دا، دەیگێڕێتەوە کە سەلاحەددین میرو خاوەن ڕایەکانی لە خێوەتەکەی خۆیدا کۆ کردەوە و پێی وتن کە گوێ لە قسەکانی

---

١ واتە:"سوکبارین یان گرانبارین ، بۆ غەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بە قازانجی خۆتانە".(سورەتی تەوبە ، ئایەتی ٤١ ، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار).

٢ ألمقريزي: الخطط، ج١/ ص٣٥٦.

بگرن‌و پاشان وتی: "بەناوی خوا، سوپاس بۆ خوا، درود لەسەر پێغەمبەری خودا ، بزانن کە ئەم دوژمنە دوژمنی خودا و دوژمنی ئێمەیە، و هاتوونەتە ولاتمان، و پێیان ناوەتە ناو خاکی ئیسلام، و خەریکە بەتەواوی بەسەریانا سەردەکەوێ، پەنا بە خودا، ژمارەیەکی کەمیان ماوە، و دەبێ گرنگی بدرێت بە ڕیشەکێش کردنیان، وخوا فەرمانی ئەوەی پێ کردووین، ئێوە دەزانن کە ئێمە و سوپاکەمان هیچ شتێکمان بەدواوە نییە کە بگاتە فریامان، تەنها (الملك العادل) نەبێت ئەویش بەڕێگەوەیە، ئەم دوژمنە ئەگەر بمێنێ‌و دەست بەسەر دەریادا بگرێت پشتیوانی زۆر پەیدا دەکات، ئەمە بۆچوونی منە، و هەر کەسێکیش بۆچوونی لەم بارەیەوە هەیە با پێمان بڵێت"[1].

(أبن شداد) لە وەسفی گەمارۆی قودس دا لە لایەن دوژمنەوە دەڵێت: "کۆمەڵێ میر لە خێوەتی سوڵتان کۆبوونەوە و پێی وتم کە قسەیان لەگەڵدا بکەم و هانیان بدەم بۆ جیهاد و ئەوەی خودا بۆی ئاسان کردم پێم وتن و بەقسەیان کردم"[2].

---

١ النوادر السلطانية، ص٩٧.

٢ ن.م، ص٢١٢.

نابێ ڕۆڵی ڕاگەیاندنی شاعیرانی سەردەمی سەلاحەددین لەیاد بکەین، کاتێ کە هێرشە توندەکانی خاچ دروشمەکان بۆ سەر شام دەستی پێکرد هانی شاعیرانی دەدا کە هۆنراوە بنووسن و بەشان و باڵی ئەو سەرکردانەدا هەڵ بدەن کە مسوڵمانانیان لە حاڵەتێکی شکست و بێ هیواییەوە گەیاندە حاڵەتی ڕاپەڕین و بەرهەڵستی کردنی داگیرکاری و سەرکەوتن و بەتەواوی دوژمنیان لە وڵاتدا دەرکردووە، هەر لەسەرەتاوە کە سەلاحەددین هاوڕێیەتی (اسدالدین شێرکۆ)[1]ی مامی دەکرد لەکاتی هێرشەکانی بۆ سەر مصر تا گرتنە دەستی سەرکردایەتی، هەموو هەوڵێکی بۆیەکخستنی بەرەی ئیسلامی بووە لە چوارچێوەی ئامانجە دەروونیەکانیدا و شاعیرانی مصرو شام هاوڕێی بوون و وەسفی سەرکەوتنەکانیان دەکرد و شانازیان

---

١ اسدالدین شیرکو: ناوی (شیرکۆ بن شادی بن مروان) وەزیری خەلیفە (العاضد)ی فاتمی بوو لە مصر، شێرکۆ بەواتای (اسد الجبال-شێری چیاکان) دێت، سەرکردایەتی سێ هەڵمەتی کرد بۆ وڵاتی مصر لە سالی (٥٥٩ك/١١٦٤ز) کە بە هەلەتی یەکەمی سەر مصر ناسرا، و هەلەتی دووەم لە ساڵی (٥٦٢ك/١١٦٧ز)، و سێیەم لە سالی (٥٦٤ك/١١٦٨ز)، شایەنی باسە تەنها دور مانگ و پێنج ڕۆژ لە وەزارەت مایەوە و لە ٢٢ی جەمادی الاخرە ساڵی (٥٦٤ك/١١٦٨ز) کۆچی دوایی کرد. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (محی الدین: ئەسەددین شێرکۆ ژیاننامە و ڕۆڵی لە شەڕی خاچییەکاندا).

بە سوپاکەیەوە دەکرد، لەوانە (أبو محمد فتیان) (٥٣٠-٦١٥ك/١١٣٥-١٢١٨ز)[1] کە وەسفی سەلاحەددینو توانای سوپاکەیو شکاندنی خاچ دروشمەکان لە (دمیاط) سالی (٥٦٥ك/١١٦٩ز) دەکرد. هەروەها (سبع بن خلف) ی شاعیریش وەسفی جیهادی سەلاحەددین لەدەست بەسەرا گرتنی دیمەشق سالی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) دەکات، دواتریش دەست دەکات بەیەکخستنەوەی بەرەی ئیسلامی و گێڕانەوەی داستانە مێژووییەکانی سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا بە نەمری هێشتنەوەی شەڕکەرو ناوداره‌کانی سوپای سەلاحەددین.

لە ڕوانگەی ئەوەی باسکراو سەرکردەکانی رای گشتی ئیسلامی لە سەردەمی سەلاحەددین لەنوسەرو زاناو گوتار بێژو شاعیران لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کردیان، بووە هۆی ئەوەی گیانی جیهادی لە خوێنی موسڵمانان بچەسپێ و بەزوویی ئەو بانگەشەیەی کە ئەو ڕوونا کبیرو خاوەن بۆچوونانە سەرکردایەتیان دەکرد بووە بزووتنەوەیەکی میللی بەهێز،

---

١ أبن خلكان: م س، ج٤/ ص٢٤، العماد الكاتب: خريدة القصر-قسم شعراء الشام، ج١/ ص٢٤٧.

لەسەرووی هەموویانەوە سەلاحەددینی ئەیوبی کە دەولەتێکی دامەزراند، قەڵەمڕەوەکەی لە حەلەبەوە درێژ دەبۆوە تاکو ڕووباری فورات لە باکورەوە تا قاهیرە و ڕووباری نیل لە باشوورەوە و لە خۆ ئامادەکردنیشدابوو بۆ پەلاماردانی خاچ دروشمەکان لە شام[1].

ڕاگەیاندنی دەروونی لەسەردەمی شەڕو ئاشتیدا هاوپەیمانی دبلۆماسییە، ئەمەش چەکێکی کاریگەرە کە لەسەرخۆیی و ئارام گرتن لەگرنگترین خاسیەتەکانیەتی، هاوکات لەوێ دەردەکەوێت کە پیشاندانی هێز بۆ دوژمن و ترساندنی لە کاتی شەڕو ئاشتیدا چەندین ئامانج دەستەبەر

---

١ ئەوەش دوا قۆناغ بوو لە قۆناغەکانی یەك گرتنی بەرەی ئیسلامی دوای رزگارکردنی حەلەب ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) سەلاحەددین خۆی ئامادەکرد بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەیەکی بەر بڵاو لە دژی خاچ دروشمەکان. لەو کاتەدا خاچ دروشمەکان لە دوورگەی (سینا) چەند هێرشێکیان کرد تاکو گەیشتنە ناوچەکانی (السویس)، هەروەها هەندێ هێرشیان کردە سەر (تیماء) لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی، وایکرد (أرناط) میری (الکرك) دەریای سوور دابەش بکات و هەوڵی داگیرکردنی مەککەو مەدینەش بدات بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ڕێگەکانی بازرگانی نێوان ئاسیا و مصر، ئەوە بوو هێرشی کردە سەر هەندێك لە بەندەرەکانی مصرو حیجاز، بەڵام کەشتی گەلی مصری توانی شکست بە هەوڵەکانی بهێنێت. بڕوانە (البنداري: م س، ص٢١٢، ٢١٣).

دەکات، خۆئامادەکردن و هێز پێکەوە نان ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی دەروونین، ئەویش لە ڕێگای ترس بردنە دڵی دوژمنەوە کە وای لێبکات زات نەکات بجوڵێتەوە.

بۆ نمونە لە ڕۆژی (٨ی محرمی ساڵی ٥٦٧ك/١١ی ئەیلولی ١١٧١ز) لە قاهیرە نمایشێکی سەربازی بۆ هێزە سەربازییە مصریەکان ئەنجام درا، سەلاحەددین ئەو کاتە هێشتا وەکو وەزیری خەلیفەی (فاتیمی)و جێگری (نورالدین محمود) بوو لە مصر.. نێردراوی (بیزنطە و خاچ دروشمەکان) ئامادەی ئەو نمایشە بوون، ڕۆژو شەوێك بەردەوام بوو ژمارەی ئەو سوپا ڕێکخراوەی کە ئامادەی نمایشەکە بوو (١٤٧) (طلب)[1] بوو[2]، نەهاتوەکانیش (٢٠) (طلب) بوون، ژمارەی ئامادە بووانیش گەیشتە (١٤) هەزار، سوارەکان زۆربەی زۆریان لە

---

١ طلب: ووشەیەکی کوردییە بە واتای میر دێت کە فەرماندەی (٢٠٠) سوار دەکات لە گۆڕەپانی شەڕدا، هاوکات بە فەرماندەیی (١٠٠ یان ٧٠)یش دەوترێت، بۆیەکەم جار ئەم زاراوەیە لە مصرو شام لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی بەکارهاتووە، پاشان واتاکەی گۆڕا بۆ (کتیبە- تیپ). (المقریزی: السلوك، ج١/ ص٢٠٧ پەراوێزی -١-).

٢ ابن شداد: م.س، ص٢٤٠، ا.ر.جب: م.س، ص١٦١.

(طواشیەکان)[١] بوون، بەڵام ئەوانی تر لە سوپاکە لە (قەراغلامیەکان)[٢] بوون، سەرباری گالیسکەکان کە پاشکۆی سوپاکە بوون[٣]

باسی چوارەم تەوەری دووەم

رۆڵی سەلاحەددین بەرامبەر بە خاچپەکان

دوا بەدوای یەکبوونی بەرەی ئیسلامی بۆ رووبەڕووبونەوەی خاچ دروشمەکان، سەرکردایەتی ئەیوبی زۆر گرنگی بەبارودۆخی سیاسی وڵاتی شام دەدا بەتایبەتی دوای مردنی (نور الدین محمود)، وپۆستەی (ووشکانی و ئاسمانی) لەچوار چێوەی ئامانجە دەروونییە تەکتیکیەکانی سەلاحەددیندا بوون بۆ ئاگادار بوون لە هەموو وردەکاریەکانی جیهانی

---

١ ألطواشية: سەربازی پلە یەکەمە... کە بەرزترین پلەی سەربازی ڕێکخراوە. العريني: مصر في العصر الايوبي، ص١٥٤، پەراوێزی (١).

٢ ألقراغلامية: سەربازی ئاسایی یە... لە سەربازی (الطواشية) پلەیان نزمتر، ئەمانە لەکاتی تێپەڕ بوونی سوپادا چاردێری ڕێگار بانیان لەسەر بوو، ئەمڕۆ پێیان دەوترێ تیپی (سەرا سۆکردن)، بڕوانە (المقريزي: السلوك، ج١/ ص١٨٧).

٣ ألمقريزي: السلوك، ج١/ ص١٨٧، ا.ر.جب: م س، ص١٦٠-١٦١.

ئیسلامی تاوەکو بەئاسانی بارودۆخی دەوڵەتەکەی کۆنترۆڵ بکات.

سوڵتان سەلاحەددین پەنای دەبردە بەر شێوازە تاکتیکیە دەروونیەکان دەسمەبەست هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێ لەمیرەکان لە دژی ئەوانی تر دەبەست، وەکو هۆکارێکی پاڵنەر لەخۆبەدەستەوەدان، بۆ نمونە بەهاوپەیمانی لەگەڵ (ریموند) میری (طرابلس)، دژی خاچ دروشمەکان ئەو شێوازەی پیادە کرد،[1]

---

١ (العماد الكاتب) دەیگێڕێتەوە کاتێك خاچ دروشمەکان بۆ شەڕی (حطین) لە دژی سەلاحەددینی ئەیوبی کۆبوونەوە لە ئەنجامی ئەو خۆئامادە کردنە دەروونیو مەعنەوی و سەربازییەوە کە لەلایەن سەلاحەددین (ریموند) کرا، (ریموند) میری (طرابلس) چیرۆکێکی هەیە کاتێك لای پادشا (نورالدین محمود) دیل بوو لەکاتی ڕوودانی شەڕی (حارم) ساڵی (٥٥٩ك/١١٦٤ز) و لەدیلی مایەوە تا ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) واتە پێش مردنی (نورالدین محمود) کە ئازادی کرد بەرامبەر بە (١٥٠) هەزار دینار و ئازاد کردنی (١٠٠٠) هەزار دیلی موسڵمانان، کاتێك پادشای (قودس) کۆچی دوایی کرد کوڕێکی بچوکی ناتەواوی لەشوێنی خۆی بەجێ هێشت، و ئەم ببووە وەصی لەسەری تاکو تەمیش کۆچی دوایی کرد، میراتی مەملەکەت بۆ دایکی بەجێ ما، کە مێردی کرد بەسوارچاکێك کە لە ئەوروپاوە هاتبوو بەناوی (جای لوزجنان)و لەسەر تەختی مەملەکەت دانیشت، لەوکاتەدا پادشای نوێ دارای حسابی لە (ریموند) کرد لەماوەی (چاردێری –وەصایە) لە ساڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز)، (الفتح القسي، ص٦٨. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ابن واصل: م س، ج٢/ ص٤٢، نوری: سیاسة صلاح الدین، ص٢٥٥-٢٥٦).

بۆیە (ریموند) پەنای بردە لای سوڵتان سەلاحەددین و داوای لێکرد ببێتە هاوپەیمانی لە دژی پادشای قودس (جای لوزجنان) و سوڵتان بەمە ڕازی بوو، بێگومان سوڵتان ئامانجێکی تاکتیکی دەروونی لەو هاوپەیمانەدا هەبوو و بۆ پتەوکردنی ئەو هاوپەیمانیە هەموو دیلەکانی هاوڕێی ئازاد کردو پەیمانی هاوکاری بەهەموو شێوەیەك پێدا.

هاوکات پێی ووت دەتکەمە پادشا بەسەر هەموو (فەرەنجەکان)ەوە، لەوکاتەوە (ریموند) سەر بە سەلاحەددین بوو، لە ئامۆژگارییەکانی بۆ موسڵمانان ڕستگۆ بوو، بەشێوەیەك خاچ دروشمەکان لێی ترسان موسڵمان بووبێت، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێك لەخاچ دروشمەکان لەگەڵیدا بوون[1].

(ریموند) بە (جای لوزجنان)ی وت: "سەلاحەددین بەهیچ یەکێك لە سوڵتانەکان بەراورد ناکرێت لەڕووی دەسەلات و پلان دانان و توانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکاندا، ئەگەر جارێك شکان مانای کۆتایی نییە، بەڵکو هێمن و لەسەرخۆ و

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٦٧-٦٨، ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٣١٩، ابوشامة: الروضتين، ج١/ ص٢٤٠، ج٢/ ص٧٤، ابن كثير: م س، ج١٢/ ص٣٨٩.

لە شوێنێك نیشتەجێ مەبن، باشتر وایە تێکەڵی نەبن و هەروەها بە سادەیش تێی نەڕوانین و بەپێچەوانەش نەبێت و لەهەمان کاتدا مەرجەکانیشی قبوڵ بکەین"[١]. بەڵام میر (أرناط)[٢] میری قەڵای (الکرك) بە توندی وەڵامی (ریمۆند)و هاوڕێکانی دایەوەو پێی وتن: "سەبارەت بە ترس لە موسڵمانان زۆرت تێپەڕاند، گومان لەوەدا نییە کە ئەوانت دەوێتو حەزت پێیانە، دەنا قسەی واسادەت نەدەکرد، ئەوەش کە دەیڵێی گوایە زۆرن، ئاگر زیان بەداری زۆر ناگەیەنێت"[٣]. (أرناط) بۆ خۆی لەپێشکەوتن بۆ شەڕی موسڵمانان لە (طبریة)[٤] هاندەریان بوو، دوای ئەوەی کەس بەڕاستی گوێی لە (ریمۆند) نەدەگرت

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٦٦.

٢ ارناط: ناوی رینۆدی شایتۆن لە سەرچاوە ئیسلامیەکان بە ارناط ناسراوە، میری انگاکیا بوو کاتێك بەدیلی لای موسولمانان گیرا، ماوەیەك بە دیلی مایەوە، لە سالی ٥٧٣هـ/١١٧٧ز ئازادکرا، (اتینیت دی میلی) خواست کە لە میراتی باوکی هەرێمی ئوردن و هەردوو قەلای الکرك و الشوبك مایەوە.

Schumberge: Renod de chatillon,pp ١٤٨-١٤٩

٣ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٤، حسين: م.س، ص٤٢٠.

٤ طبرية:دەکەوێتە سەرچیا لە هەرێمی فلسطین، هەروەها دەڕوانێتە سەر دەریاچەی گیریە. (یاقوت الحموی: م.س، مج٣/ص٢٤٨).

لەبەجێ هێشتنی جێگای خۆیان کە ئاوی لێ بوو[١]، چونکە بڕوایان وابوو کە ڕێککەوتنی لەگەڵ سەلاحەددین مۆر کردووە، بۆیە داوایان لە پادشا کرد کە فەرمانی جوڵان بدات، لەسەر فەرمانی ئەو بەرەو (طبریة) بەڕێکەوتن و (صفوریه)[٢]یان هەڵبژارد وەك ناوەندی جموجۆڵیان[٣]، چونکە ئاوی بۆخۆیان و لەوەرگەی بۆ ئاژەڵەکانیان لێ بوو[٤]. لێرەدا دەتوانین بڵێین سوڵتان سەلاحەددین سوودی لە ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکانی خاچ دروشمەکان وەرگرت، و ئەم هەلەی قۆستەوە و کردی بە بنەمایەك بۆ دانانی پیلانێکی تاکتیکی دەروونی، کاتێك ئامادەیی خۆی و سوور بوونی بۆ شەڕی خاچ دروشمەکان پیشاندا، بەم ڕەفتارەی پادشای (بیت المقدس)ی ناچار کرد پەنابەرێتە لای (ریمۆند) و داوای ڕێککەوتنی لێبکات و (ریموند) بەناچاری

---

١ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٤، العسلي: صلاح الدين الايوبي، ص١٨٥.

٢ صفوريه: کوردو شارۆچکەیەك بوو لە دەوروبەری هەرێمی نوردون لە وڵاتی شام نزیك طبرية. (ياقوت الحموي: م.س، مج٣/ ص١٩٥).

٣ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٦٦، أبن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٤، أبن شداد: م.س، ص٨٥، أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ص٧٦، النويري: م.س، ج٢٨/ ص٣٩٩.

٤ رنسيمان: م.س، ج٢/ ص٧٣٦، العريني: الشرق الادنى في العصور الوسطى (الايوبيون)، ص٨٦، Stevenson: The Crusades in the East, P. ٢٤٤.

وەلامی دایەوە، چونکە هاوڕێکانی پێیان ڕاگەیاند: "ئەگەر پشتگیری نەکەیت، ئێمە ئایین ڕیسوا ناکەین"[1]، بەمەش سەلاحەددین لە جێبەجێ کردنی ئامانجە تەکتیکیەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بەڕوخاندنی ورەی دوژمن و تێکدانی ڕیزەکانیان، بەشێوەیەك توانای شەڕکردنی سەربازانی سەلاحەددینیان نەبێت، جگە لەوەی هەستان بە ژەهراویکردن و تێکدانی بیرو کانیاوەکانیان تا سوودی لێ وەرنەگرن،[2] بێ ئاوی و تینوێتی کاریگەرترین چەکی دەروونی بوو کە سەربازانی سەلاحەددین زۆر بە وریایی و ژیرانە لە دژی خاچ دروشمەکان بەکاریان دەهێنا.

بێگومان بێبەش کردنی دوژمن لەپێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، لە بڕینی ئاو لە خەڵکی شەڕکەرو سوتاندنی و دابەستنی مەنجەنیق بۆیان چەندین شێوازی دەروونی بوون کە سەلاحەددین لە دژی ئەوان بۆ شکست پێ هێنانیان بەکاری دەهێنا.

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٦٨.

٢ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥.

ئەمە لە شەڕی (حطین)دا ڕوویدا لە کاتێکدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی (٢٤ی ڕەبیع الاخر ساڵی ٥٨٣ك/١١٨٧ز) سوپای خاچ دروشمەکان لە (صفوریە)وە بەرەو سەربازگەکانی موسڵمانان لە (حطین) پێشڕەویان کرد بۆخۆی سەلاحەددین ئەم کارەی دەویست، کات هاوینێکی زۆر گەرم بوو[1]، تاکتیکی سایکۆلۆژیو مەعنەوی لەکاروباری جەنگیدا لای سەلاحەددین لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە کاروبارە جەنگیەکان بەخەیاڵی هیچ سەرکردەیەکدا تێپەڕ نەدەهات، ئەو کاتەی دەستی بەسەر چاڵە ئاوەکانی ئەو ناوچەدا گرت، و خاچ دروشمەکانی لێ بێبەش کرد، لە کاتێکدا ئەوان لەکاتی پێشڕەوی کردنیان لە سەربازگەکەیان لە (صفوریە) دەستیان کرد بە تێکدانی ئاوی بیرەکان[2]، ئەوکاتە خاچ دروشمەکان نزیک سەربازگەکانی موسڵمانەکان بوونەوە لە (حطین) تینوێتی هیچی پێ نەهێشتبوون[3].

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٧٩، غنيم: م.س، ص٣٦.

٢ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥.

٣ العسلي: فن الحرب الاسلامي، مج٤/ ص١٤٠.

بەو شێوەیە تا ڕۆژی دواتر کە ڕۆژی شەممە بوو مانەوە، بەلاّم سەربازەکانی سەلاّحەددین چاوی تەماحیان خستبووە سەریان کە پێشتر ئەیان ترساندن[1]، وەیان بەرز بوو بەدرێژایی شەو هەندێك لە سەربازەکانی دەستیان کردبووە هاندانی یەکتر و سەلاّحەددین بەناویاندا دەگەڕا، بەپێی ئەو پیلانە جەنگیە کە دارێژرابوو شوێنی سەرکردەو فەرماندەکانی دیاری کرد، دەستی بەهاندانی سەربازەکان کرد و خۆیو ئەوانەی ئامۆژگاریان پێشکەش دەکرد دەستیان کرد بە بلاّوکردنەوەی گیانی تێکۆشان و قوربانی دانو شەهید بوون لە پێناوی خوداو سەرکەوتندا.[2]

لەگەڵ ئامادە باشی هەردوو لایاندا لە (حطین)ی نزیك دەریاچەی (طبریة) شەڕی کۆتایی بەرپا بوو، لە ئەنجامی ئەو تەکتیکە دەروونیوسەربازییانەی سەلاّحەددین پەیڕەوی کرد، خاچ دروشمەکان بە وەیەکی ڕوخاوەوە چونە مەیدانی شەڕەکەوە[3]، لەبارێکی دەروونی ترسناکدا پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي،ص٧٩-٨٠، ايليسيف: م س، ص٤٦٥.

٢ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥، ابن شداد: م س ،ص٨٦-٨٧، العسلي: صلاح الدين الايوبي، ص١٦١.

٣ ابو الفداء: م س، ج٢/ ص١٥٥، ابن تغري بردي: م س، ج٦/ ص٢٩.

هاوینێکی سوتێنەردا دەشتایەکیانیان بڕیبوو لە توێنێتیدا هەسکەیان دەهات، لەوکاتەدا سەلاحەددین هەڵکردنی بایەکی بەهەل زانی کەبەرەو سەربازگەی خاچ دروشمەکان دەچوو فەرمانی دەرکرد چ گژوگیای دەشتەکان هەیە بیسوتێنن[1]، ئەنجامدانی ئەو کارە بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن دادەنرێ، ئەو بایە دوکەڵێکی زۆری لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو بۆ نێو ئوردووی خاچ دروشمەکان کە باری زۆر گران کردبوونو بەو شێوەیە نا ئومێدانە دژ بە تێنوێتیو دوکەڵو چەك دەجەنگان، بۆیە لە کۆتاییدا بەو پەڕی بێهێزیەوە ڕایانکرد[2].

بەم جۆرە سەلاحەددین مەبەستەکانی بەکارهێنانی جەنگی دەروونی تاکتیکی لەم شەڕەدا دژ بە خاچ دروشمەکان پراکتیزە کرد، جەنگی (حطین) چاکترین نموونەیە بۆ بەکارهێنانی لایەنی دەروونیی بۆ دامالێنی ووردی جەنگ کردن

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٧٩، أبن شداد: م.س، ص٨٨، أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ص٧٦، النويري: م.س، ج٢٨/ ص٤٠٠.

٢ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥، أبن شداد: م.س، ص٨٨، سبط ابن الجوزي: م.س، ج٨/ ص٣٩٣، أبن العديم: م.س، ج٣/ ص٩٤، ابوشامة: الروضتين، ج٢/ ص٧٧، أبن واصل: م.س، ج٢/ ص١٩٠، ابن كثير: م.س، ج١٢/ ص٣٢١.

لای دوژمن، ئەو مانۆڕەی سەلاحەددین نمایشی کرد پلانێکی کتو پڕ بوو بۆ شلەژاندنی خاچ دروشمەکان لەو شەڕەدا کە بووە هۆی شپرزە بوون و لەت بوونی بڕوایان لەبەرەنگار بوونەوەیان یان سەرکەوتن، ئەمەش بووە هۆی نەمانی ورە بۆ جەنگ کردن، کە بە جەنگی دەروونی تاکتیکی ناودەبرێت[1].

لەشێوازە تاکتیکیەکانی سەلاحەددین ئەوە بوو، ئاڕاستەی ناوچە کەنارییەکانی شامی کرد، بەتایبەتی دوای شەڕی (حطین)و رزگارکردنی شارو قەلای خاچ دروشمەکان، لە ناوچەکەدا بۆ پێشڕەوی کردنی ڕاستەوخۆ بەرەو قودس سستی نواند، بێگومان سەلاحەددین لەم تەکتیکەیدا ئامانجی هەبوو، ئەویش دابڕینی خاچ دروشمەکان بوو لە بنکە دەریاییەکانی کە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە هەبوو، بەتایبەتی ڕۆژئاوای ئەورووپی، بەمەش گەمارۆدرابوون لەناو ولاتی شام[2]. ڕەنگە ئەمەش

---

١ زكار: م.س، ص٨٦، المعاضيدي: م.س، ص١٧١.

٢ عاشور: الحركة الصليبية، ج٢/ ص٨١٣، نوري: سياسة صلاح الدين، ص٢٩٨، نوفل: م.س، ص١٧٨.

لەچوارچێوەی ئامانجە تەکتیکیەکانی بێت بۆ ئاسان کردنی پەیوەندی دەریاوانی لەنێوان بەندەرەکانی مصرو شامدا[١].

ئەو سەرکەوتنەی سەلاحەددین لە ئەنجامی لاوازیو کەمی ڕێژەی خاچ دروشمەکان نەبوو، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی نەخشەو پلانە سەربازییەکانی، هەروەها دانایی و لێهاتوویی خۆی و ئەنجوومەنی جەنگی دەوڵەتەکەی و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لەشەڕەکاندا[٢]، سولتان لە هەلبژاردنی کاتو شوێنی شەڕەکە سەرکەوتوو بوو، کە مانگی تەموز بوو، بێگومان گەرمترین مانگەکانی ساڵە لەناوچەکەدا، جگە لەکەمی ئاو لە بیرو کانیاوەکان، هەڵسا بەدانانی سەربازەکانی لەسەر، (طبرية) بەمەش سوپای سەلاحەددین کەوتە نێوان خاچ دروشمەکانو سەرچاوە ئاوییەکان[٣]، و فەرمانیدا بەتێکدانی هەموو بیرو کانیاوەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرنەگرن[٤]، بۆیە دەتوانین بڵێین تینوێتیو

---

١ غنيم: م.س، ص٣٨، Stevenson: the crusades in the east, P. ٢٤٩.

٢ زكار: م.س، ص٨٦.

٣ ابن شداد: م.س، ص٨٦.

٤ ابن الأثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥، العسلي: صلاح الدين الايوبي، ص١٨٥.

گەرمی لە چەکە دەروونیەکان بوو کە سەلاحەددین لە بەرژەوەندی لەشکرەکەی دژی خاچ دروشمەکان بەکاری دەهێنا، هەروەها بوونی خودی خۆی لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی شەڕەکە هۆکارێکی دەروونیو مەعنەوی گرنگ بوو، بۆ ورە بەرزیو پاڵنانی سەربازەکانی لە خۆڕاگرتن لەبەرامبەر دوژمندا، چونکە خۆی لەنێو جەرگەی شەڕەکەدا هاواری دەکرد "وا اسلاماه- وای لە ئیسلام"[1] تێبینی تەواوی هێزەکانی دەکرد لەهەر لایەك لاواز بوونایە لەوێ شەڕی دەکردو هاوکاری سەربازەکانی دەکردو بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکردو دەیووت: "شەیتان درۆ دەکات"[2]. ئەمەش ورەو باوەڕ بەخۆ بوونی دەگێڕایەوە دڵو دەروونیانو بەبیری دەهێنانەوە هەڵهاتن تەنیا لە شەیتانەوەیە.

لەئەنجامی ئەو شێوازە تاکتیکیە سەرکەوتووەدا لە دوای شەڕی (حطین)، سەلاحەددین توانی شارەکانی (عکا و صفورية والناصره و قيساريةو نابلس والداروم[3] و الرملة

---

١ ابن شداد: م.س، ص ٨٧.

٢ ابن الآثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٦، أبن واصل: م.س، ج٢/ ص١٩١.

٣ الداروم: دێیەکە دەکەوێتە نێوان خان یونس و غزە. (یاقوت: م.س، مج٢/ ص ٢٧٧).

وارسوف[١] و یافاو بیروت) هەرهەمووی ڕزگار بکات[٢]، کاتێك شاری (صور) بەهۆی شورا بەهێزەکەیەوە ببووە کۆسپ لەپێشیدا ناچار بەجێی هێشت، بەڵام بەردەوام بوو لە ئاراستە کردنی پڕۆسەکەی لەناوچەکانی تری وەکو (بیت المقدس) و شارە کەناریو ناوخۆییەکان و توانی (هونین)[٣] ڕزگار بکات، هەورەها (جبلة[٤] واللاذقیةو صهیون[٥]) و دواتر بەرەو باکوور بەڕێبکەوێت[٦] و دەست بەسەر قەڵاکانی (بکاس[٧] والشغر[١]

---

١ ارسوف: شارێکە لەسەر دەریای ناوەڕاست نێوان (قیساریە و یافا). (یاقوت: م.س، مج١/ص١٢٦).

٢ النویري: م.س، ج٢٨/ ص٤٢١، گروسیە: م.س، ص٧٤، حسن: م.س، ج٤/ ص١٠٦، قاسم: م.س، ص١٤٤.

٣ هونین: دێیەکە دەکەوێتە بەشی باکوری ناوچەی (الحولە) لەسەر چیاییەك بەناوی خۆی ناسراوە. (یاقوت: م.س ، مج٤/ص٤٩٠).

٤ جبلە: شارێکە دەکەوێتە نێوان (اللاذقیة و بانیاس) ،لە سوریا لە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست. (یاقوت: م.س ، مج٢/ص٣٠).

٥ صهیون: قەڵایەکی بەهێزە لە نزیك کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، سەر بە شاری (حمص)ە. (یاقوت: م.س ، مج٣ / ص ٢١٢).

٦ ابن الأثیر: الکامل، مج٧/ ص٣٤٠، ابن واصل: م.س، ج٢/ ص٢٤٧، الحمیدة: الحروب الصلیبیة، ج٤/ ص١٧.

٧ بکاس: قەڵایەکە لە دەوروبەری شاری حەلەب لەسەر کەناری ڕووباری (العاصی). (یاقوت: م.س ، مج١/ص٢٧٤).

وبرزیە[٢] و دریساك[٣] و بغراش[٤]) دابگرێت، [٥]کە لەتەنیشت میرنشینی (ئەنتاکیا)ی خاچپەرەوە بوون.

هەورەها بەشێك لە سوپاکەی دووبارە بەرەو باشوور ئاڕاستە کرد و توانی لە کۆتایی ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)دا قەلای (الکرك)ی بەهێز ڕزگار بکات کە پێی دەوترا (بەردی بیابان)، لە کۆتایی چالاکییە سەربازییەکانیدا و بەهاتنی وەرزی زستان و دوای پشوودانێك، پێش ئەوەی بۆ دیمەشق بگەڕێتەوە (صفدو کوکب)یشی ڕزگار کرد.[٦]

هەروەها لە کاتی ڕزگارکردنی هەردوو قەلای (برزیەو صور) پلانی شەڕ کردنی بە نۆرە پیادە کرد، سەربازەکانی بەسەر

---

١ شغر: قەلایەکی بەهێزە نزیك (انطاکیا). (یاقوت: م س، مج٣/ص١٤٧).

٢ برزیە: قوللەیەکە نزیك دەریای ناوەڕاست، لەسەرچیاییەکی بلنـدە. (یـاقوت: م س، مج١/ص٣٠٤).

٣ دریساك: قوللەیەکی بەهێزە دەکەوێتە باکوری بغراس. (ئەمین: الاستخبارات الایوبیـە، پەراوێزی٢١٦، ص٢١٥).

٤ بغراش: شارێکە دەکەوێتە لای ڕاستی شاری انطاکیـا، لە شاری حەلـەب و انگاکیـا (٤ فرسخ) دوورە نزیکەی (٢٤کم)ە.

٥ ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، ج٥/ ص٣١٥، النویري: م س، ج٢٨/ ص٤٠٩، الحمیدة: م س، ج٤/ ص٣٥.

٦ ابن شداد: م س، ص٩٥، النویري: م س، ج٢٨/ ص٤١٠-٤١١.

سێ بەشدا دابەش کرد ، هەربەشێك ماوەیەکی دیاریکراو شەڕیان دەکرد ، داوتر پشوویان دەدا ، بەشی دووەمو هەروەها سێیەمیش شەڕیان دەکرد[١] ، بەمەبەستی لاواز کردنی وزەی خاچ دروشمەکان و ئیفلیج کردنی توانا جەنگیەکانیان و گومان کردن لە توانای سەرکردەکانیان و دروست بوونی دۆخێکی دەروونی خراپ کە سەرکردەو فەرماندەکانیان لێهاتوو نەبوون و هاوکات وەکو سەلاحەددین لەبەرکانی جەنگدا پسپۆریش نەبوون.[٢]

جەنگی تەکتیکی بەچەندین شێوازو ڕێگای جیاواز هەوڵ دەدات بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێوان گەلو سەرکردایەتیان بە پابەند کردنی دوژمن بە هەڵسان بەچەندین کار کە لەتوانای خۆیان زیاتر بێت[٣] ، بۆ نموونە سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی ناکۆکیو دژایەتی نێوان تیرەو تایفەکانی دوژمنی بەهەل زانیو قۆستیەوە بۆ سەرکەوتنی خۆیو خستیە نێو چوارچێوەی پیلانەکانی، بێگومان ئەمەی بەتێگەیشتنو زیرەکیەوە کرد

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص١١٤ ، أبن شداد: م س، ص١٠٥ ، أبن العديم: م س، ج٣/ ص١٠٥ ، ابو شامة: الروضتين، ج٢/ ص١٣١.

٢ حسين: م س، ص٢٠١.

٣ رشتي: الدعاية وأستخدام الراديو في الحرب النفسية، ص٢٥٢.

وەکو چۆن لەشەڕی (دمیاط)دا لەیەك کاتدا بەبەرچاوی یەکترەوە پەیوەندی بەتیرەو تایفە جیا جیاکانەوە دەکرد، ئەمە بووە هۆی زیاد کردنی دژایەتی نێوان پاشا (أملری)[1] و خاچ دروشمەکان، هەندێکیان گومانی لەوەی تر دەکرد، ئەمەش بەستنی ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئاسان دەکردو مەرجەکانی سەلاحەدینیش قبوڵ دەکران[2].

هەروەها سوڵتان سەلاحەددین لەپاش شەڕی (حطین) بەهەمان شێوازی تەکتیکی بەڕێگای هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێکیان توانی خاڵی بەهێزو لاوازی سیاسەتی جەنگی خاچ دروشمەکان بزانێت، لەوانە (یوسف بن بابیط) کە لە هەموو کاروچالاکییەکانی لەدژی خاچ دروشمەکان وەکو راوێژکار بەکاری دەهێنا[3]، و (الامیرە سیبیل) خێزانی (میر بۆهیمند سێیەم) میری (انطاکیا) کە سیخوڕی سوڵتان سەلاحەددین بوو بەسەر

---

١ املری: اموری یەکەم، فەرمانڕەوای (بیت المقدس) بوو، لە پاش مردنی بلدوینی سێیەم لە نێو ساڵانی (٥٥٧-٥٦٩ك/١١٦٢-١١٧٤ز) ئەمەش دوا پادشای بەهێزی (بیت المقدس)ی خاچ دروشمەکان بوو. (امین:المشطوب الهکاری، ص١٢٢، پەراوێزی (٥)).

٢ الاهل: صلاح الدین الایوبي، ص١٤٩.

٣ رنسیمان: م.س، ج٢/ ص٧٥٠.

میللەتی خۆی، بەهۆی زانیاریەکانیەوە خزمەتێکی چاکی دەگایەندە پلانەکانی سوڵتان، کەئاشکرا کردنی نهێنیەکان بوو، لەپاداشتی ئەم کارانەش سوڵتان خەڵات و دیاری بەنرخی پێشکەش دەکرد[١].

لەمەش زیاتر سەلاحەددین پلانی تێکدانی ڕیزەکانی خاچ دروشمەکانی داناو ناکۆکی لەنێوانیان دروستکردو پەیڕەوی دەکرد، هەروەها وەکو هەوڵدانێك بۆ لاواز کردنیان هەوڵی دا سۆزی هەندێك لەسەرکردەکانیان ڕابکێشێ. (أبن شداد) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: "سوڵتان جارێکیان لە شەوالی ساڵی (٥٨٧ك/١١٩١ز) دانیشت و خاوەنی (صیدا)ی ئامادە کرد بۆ گوێ گرتن لە پەیام و قسەکانی لەگەڵ گروپێکدا کە لەگەڵی دا ئامادە بوون، مێژوو نووسی ناوبراو ئامادە دەبێت سوڵتان ڕێزێکی زۆری لە مێوانە خاچ دروشمەکانی گرت و قسەو گفتوگۆی لەگەڵ کردن و بەپێی نەریتی باوی ئەو کاتە شتی

---

١ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص٢٥١-٢٥٢، أبو شامة الروضتين، ج٢/ ص١٣١، أبن واصل: م.س، ج٢/ ص٢٦٧، النقاش: العلاقات الاجتماعية والثقافية والاقتصادية بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبية، ص١٥٢، Grosset: Histoire des Crusades, vol. II. P ٨٢٢.

پێشکەش کردنو کاتێکیش خواردن هەڵگیرا، پاش ئەوە بڕیاردرا کە (المرکیز) خاوەنی (صور) گوێ ڕایەڵی سوڵتان بێت کە کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی خاچ دروشمەکان هاتبوونە ڕیزیەوە لەوانە خاوەنی (صیدا)، سەلاحەددین مەرجی بۆ (المرکیز)ی هەڵگەڕاو دانا، مەرجەکەش ئەوە بوو کە (المرکیز) دژایەتی خۆی بۆ خاچ دروشمەکان کە لێیان هەڵگەڕاوەتەوە دەربخات[1]، هۆی ئەمەش ئەو ترسە گەورە بوو لێیان، جگە لەوەی ناکۆکی نێوانیان بە هۆی ژن خوازیەوە بوو، بەپێی قسەی (أبن شداد) مەبەستی سوڵتان لەم مەرجانە دروست کردنی ناکۆکی بوو لەنێوانیاندا.

لە نموونەیەکی تردا سوڵتان سەلاحەددین (٣٠٠) سێ سەد جەنگاوەری خۆبەخشی بۆ چوونە نێو ئۆردوگای خاچ دروشمەکانەوە بێ ئەوەی هەستیان پێبکەن ڕێکخست و تالانو دزی پارەو ئاژەڵو پیاوو هەندێ جاریش منداڵان دەستی پێدەکرد، بەم جۆرە کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن دەوترێ (خۆبەخش یان

---

١ النوادر السلطانية، ص٢٦٣.

سەرکێش) سەلاحەددین خۆی ڕێکی دەخستن و فەرمانی پێویستی هێر ن بردن و تێکدانی پێ دەدان[١].

سەلاحەددین لە ڕێگای ئەم چالاکیانەوە توانی جەنگی تاکتیکی ئاڕاستەی دانیشتوانی مەدەنی ناو سەربازگەی خاچ دروشمەکان بکات بۆ شلەژاندنی بارودۆخیان و ترس خستنە دڵو دەروونیان و ئیفلیجکردنی توانا سەربازیەکانیان.

جگە لەمانە سەلاحەددین شێوازی تری تاکتیکی بەکارهێنا، نموونەش لەسەر ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە سوڵتان

---

١ یەکێك لەوانە شەوێك کۆرپەیەکی تەمەن (٣) سێ مانگانەی لەناو سەربازگەی خاچ دروشمەکان دزی بوو، دایکەکەی بەپەرۆشەوە هەر بۆی دەگەڕا، تاکو هەواڵەکەی گەیشتە لای یەکێك لە میری خاچ دروشمەکان، ئەویش ڕێگەی دا کە بچێتە لای سوڵتان و پێی گوت: "سوڵتان پیاوێکی میهرەبانە و دڵی پێت دەسووتێت و کۆرپەکەت بۆ دەگەڕێنێتەوە"، دایکەکە بەپەرۆشەوە دەرچوو تاوەکو گەیشتە لای سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی کە لەسەر تەپۆلکەی (الخروبە) بوو، شکایەتی دزرانی منداڵەکەی لا کرد و بەگوڕ ئەگریا، سوڵتان تا ئەو ڕادەیە هەستی ناسك بوو کە چاوەکانی فرمێسك گرتنی و فەرمانی دەرکرد منداڵەکەی بۆ ئامادە بکەن، کەچی لە بازاڕ فرۆشرابوو، فەرمانی دەکرد کە پارەی کڕیارەکە بگەڕێنەوە و منداڵەکەی وەرگرنەوە، بەهەرحاڵ دایکەکە منداڵەکەی وەرگرتەوەو لەباوەشی ناو لەناو خۆشیدا زۆرگریا، پاش ئەوە بۆ سەعاتێك شەی خۆی پێدا، سەرەنجام بڕیاری دەرکرد کە خۆیو منداڵەکەی بە سواری ئەسپێك بە پارێزراوی بگەڕێننەوە لای کەسو کاری دایکەکە. (ابن شداد: م.س، ص١٩٦-١٩٧).

سەلاحەددین سەرەڕای پیرۆزی (ڕۆژی هەینی) وەك جەنگێکی دەروونی تەکتیکی ڕۆژانی هەینی بۆ شەڕەکردن هەڵدەبژارد، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕۆژانی تر شەڕی نەکردبێت، و چاوەڕوانی ڕۆژانی هەینی کردبێت، بەڵام بە ئەنجامی شەڕەکانی لەم ڕۆژەدا زۆر گەش بین دەبوو و کاریگەریشی لەسەر دەروونی موسڵمانان هەبوو، بۆ نموونە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) سوپای ئەیوبی لەناوەڕاستی ڕۆژێکی هەینیدا بۆ شەڕی (حطین)دەستیان بە پێشڕەوی کرد، [١] هەروەها سوپای ئەیوبی لە ڕۆژی هەینی چووە نێو شاری (عکا) [٢]، و قەڵا کەنارییەکانی باکووری شامو دوروبەری (أنطاکیا) [٣]،

ئەمەو جگە لەهەندێ شوێنیتر کە لەڕۆژانی هەینیدا بەدەستی سوپای ئەیوبی ڕزگار کرا، وەکو (جبلة) نزیك (اللاذقیة) [٤] لە کەناری شام لە ساڵی (٥٨٤ك/١١٨٨ز)دا

---

١ ابن الاثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٥، أبن شداد: م س، ص٧٥، أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ص٨٠.

٢ ابن خلكان: م س، ج٧/ ص١٧٥ن ابن تغري بردي: م س، ج٦/ ص٣١.

٣ العماد الكاتب: الفتح القسي، ص ٢٤٧، أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ص٣٢٨، ابن شداد: م س، ص٩٢، أبن العديم: م س، ج٣/ ل١٠٤، أبوشامة: الروضتين، ج٢/ ص١٣٠.

٤ أبن خلدون: تاريخ أبن خلدون، ج٥/ ص٣١٣.

هەروەها قەلاکانی (اللاذقیة، صهیون، بکاس، الشغر، سرمانیة)[1]، ئەنجومەنی جەنگی سەلاحەددین هەمیشە پلانی بۆ ئەوە دادەنا کە شەڕەکانیان بکەوێتە ڕۆژانی هەینییەوە[2]،

بێگومان ئەم ڕۆژە کاریگەری گەورەی لەسەر ورەو دەروونی سەربازانی سەلاحەددین هەبوو، لەڕاستیدا بۆ شەڕ کردن پاڵنەرو بزوێنەر بووە، ئەگەرچی سەرکەوتنو سەرنەکەوتن هیچ پەیوەندییەکی بەڕۆژەوە نییە، بەڵام دەریارەی سوپای سەلاحەددین ڕۆژانی هەینی لەسەریان کاریگەری دەروونی خۆی هەبووە،[3] سوڵتان سەلاحەددین لەکاتی شەڕەکانیدا ئەم شێوازە تاکتیکیانەی لەچوار چێوەی ئامانجە تەکتیکیە دەروونیەکانیدا

---

١ یاقوت الحموي: م س، مج٣/ ص٢١٢، مج١/ ص٣٧٤، مج٣/ ص١٤٧، مج٣/ ص٤٢، أبن خلدون: تاریخ أبن خلدون، ج٥/ ص٣١٤. حسین: م س، ص٢٢١.

٢ حسین: م س، ص٢٢١.

٣ لەهەمان کاتدا ئەم سوپایە ڕۆژانی هەینی شکستو دۆڕاندنیشی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە لە ساڵی (٥٧٣ك/١١٧٧ز) سوپای ئەیوبی بەدەستی خاچ دروشمەکان لە شەڕی (الرملە)شکستی هێنا، (أبن واصل: م س، ج٢/ ص٥٨.) هەروەها لە ڕۆژی هەینی (١٧ی جمادی الاخرەی ساڵی ٥٨٧ك/١١٩١ز)دا خاچ دروشمەکان شاری (عکا)یان داگیر کرد.(ابن شداد: م س، ص١٧١، أبوشامة: الروضتین، ج٢/ ص١٨٨، أبن واصل: م س، ج٢/ ص٣٦٠).

لەپاڵ کردە سەربازییەکانی لە دژی خاچ دروشمەکاندا پیادە دەکرد.

بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە جەنگە پەیوەست بەکات و شوێن و تاقم و دەستەیەکی دیاریکراوە مەبەست و ئاکامەکانی کورتن و کاریگەریەکەی لەماوەیەکی کورتدا دەردەکەوێت، بۆنموونە لەکاتی شەڕدا ئەم جۆرە ئاراستەی سەربازەکان و مەدەنیەکانی دوژمن دەکرێت بۆ خۆبەدەستەوەدان و شەڕ نەکردنیان و ئیفلیج کردنی وورەیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم جەنگە.

سەلاحەددین چەندین ئیجرائاتی مەیدانی کرد کە کاریگەری دەروونی و وورەیی چاکیان لەسەر موسڵمانان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم مەترسیە هەبوو، وەك ناردنی سیخوڕ بۆ زانینی هەواڵی دوژمن[1] و چۆڵ کردنی شارەکان و ڕووخاندنی شوراکان وەکو شورای (طبریة) و چەندین شورای تری شارەکانی وڵاتی شام[2]. ئەوەندەی پێ نەچوو ڕووداوێکی کتوپڕ ڕوویدا و هەموو

١ أبو شامة: الروضتين، ج٢/ ص١٥٠.

٢ م.ن، ص١٥٧.

شتێکی لە کاتی پەڕینەوەی (بەربەرۆسا) لە ڕووبارێکی بچوك لە (قیلیقە) بەسەریەکدا تێکدا، ئەویش لە ڕێگای (طرطوس)ەوە بۆ (أدنه و أنطاكية)نغرۆبوو[١]. موسڵمانەکان زۆر دڵخۆش بوون بە خنکانی ئیمپراتۆری ئەڵمانی، (أبن الاثير) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر بەزەیی و بەخشندەیی خودا نەبووایە بەرامبەر موسڵمانان،و شای ئەڵمانیای نەخنکاندایە، ئەوا ئەگەر بگەیشتایەتە وڵاتی شام دەبوایە بگوترایە شام و مصر لەکۆندا وڵاتی موسڵمانان بوون[٢].

---

٢ أبن الاثير: الكامل، مج٧/ ص٣٧٤.

٣ نفس المصدر ٣٦٣.

ئەنجام

سەلاحەددین، سەرکردەیەکی سیاسەتمەدارو پاڵەوانی سەردەمی خۆی و دیبلوماتکارو لە بەناوبانگترین جەنگاوەرانی مێژووی ئیسلامە، و بە یەکێك لە هێما بە نرخو بەهاکانی دەوڵەتی ئەیوبی کوردیو مێژووی ئیسلام دادەنرێت، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی چاکیو دڵ نەرمیو خۆش ڕەفتاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ، جگە لەوەی لە کاتی شەڕەکانی دژ بە خاچیەکان زۆر بە توانا بووە کە لە میانەی شەڕی خاچیەکاندا، وەك یەکێك لە داستانە هەرە گەورەکانی مێژووی جیهان دەرکەوت کە پڕ بوو لە ڕووداو و شەڕ، و دەیان بارودۆخو تایبەتمەندی لە خۆ گرتبوو.

سەلاحەددین لە ئەنجامی ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیو سەربازی ناوچەکە وەك سەرکردەیەکی بلیمەتو بە توانا دەرفەتی دەرکەوتنی بۆ ڕەخسا ئەوانیش لاوازی خەلافەتی عەبباسیو تێکچوونی بارودۆخی خیلافەتی فاتمیو لاواز بوونی خاچیەکانو مردنی "ئەسەدەدین شێرکۆ"مامی کە زەمینەی بۆ ڕەخساند بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە میسر، هەروەها مردنی نورەدین مەحمودو کۆنترۆڵ کردنی وڵاتی میسر زۆر یارمەتی

دەربوون بۆ سەلاحەددین، چونکە لە ڕووی مادی و مرۆڤیەوە وڵاتێکی دەوڵەمەند بوو، جگە لە بوونی چەند فەرماندەیەکی بە توانا لە بنەماڵەی ئەیوبیەکان کە لە فراوان کردنی سنوری دەوڵەتەکەیان سەقامگیر کردنی دەسەڵاتیان بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە هاوکاری سەلاحەدین بوون، سەلاحەددین لە دوای مامی توانی خەلافەتی فاتمی بڕوخێنێت و بەرەی ئیسلامی یەك بخات، ئەمە جگە لە دروستکردنی سوپاو گێڕانەوەی هێمنی و ئارامی بۆ وڵاتی میسر، و ڕاکێشانی خاچیەکان بۆ شەڕی "حەتین" کە تیایدا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەروەها توانی شاری "قودس"ڕزگار بکات کە نزیکەی یەك سەدە بە دەستی خاچیەکانەوە بوو، هاوکات بەرەنگاری هەڵمەتی سێیەمی خاچیەکان بوویەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی چاکترین ڕێگا بۆ پەیوەندی لەگەڵ دوژمنان ئەویش ڕێگای دیبلوماسیەت و دانوساندن و بەستنی ڕێککەوتننامەیە کە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە دوای سەلاحەددین زۆر بە زەقی پەیڕەویان دەکرد، لە دوای مردنی سەلاحەددین بە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ لە نێو ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوبیەکان لەسەر دەسەڵات دەوڵەتەکەی

ڕووی لە لاوازی کرد، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتەکەو پەنابردن بۆ لای دوژمنان لە پێناو پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیان، ئەمەش بوو بە هۆی نەمانی دەسەڵاتی ئەییوبی کوردیو هاتنی مەمالیك و کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی ناوچەکەو گەڕانەوەی یەکێتی لە نێوان شامو میسر، بێگومان هەموو مرۆڤێك کەمو کوڕی خۆی هەیە و سەلاحەددینیش بەدەر نیە لەو کەمو کوڕیانە لە "کەسایەتی، سیاسەت، جەنگ، دەوڵەت، سوپا، هتد..." لە بیری سیاسیو بیرۆکەی ئایینی، لەگەڵ ئەوەشدا سەلاحەددین پیاوی سەردەمی خۆی بووە و بەپێی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە ڕوانیویەتیە ڕووداوەکان.

Description

بسم الله الرحمن الرحیم
🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن "ئوسامە زەندی"
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

t.me/tanyahaji7
Invite Link

لیستی سەرچاوەکان

-القرآن الكريم

دووەم: سەرچاوە کۆنەکان:

ابن الأثير : عز الدين أبو الحسن علي بن محمد الجزري، (ت٦٣٠هـ / ١٢٣٢ م).

١. الكامل في التاريخ ، دار أحياء التراث العربي،(بيروت: ١٩٩٤م).

٢. -التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية بالموصل و حلب، تحقيق عبد القادر احمد طليمات، دار الكتب الحديثة، (القاهرة: ١٩٦٣ م).

ابن تغري بردي : جمال الدين أبو المحاسن يوسف الاتابكي (ت ٨٧٤هـ / ١٤٧٠م).

٣. - النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة ، مطبعة دار الكتب، (القاهرة: د ت)

٤. ابن الجوزي : ابو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد بن علي (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠١م).